٢٠٢٤

# پوختەی

# ڕێنووس و خاڵبەندی

پێشکەشە بە مامۆستایان، خوێندکاران،
فێرخوازان و ڕاژەکارانی زمانی کوردی



دیاکۆ هاشمی

## ناوەڕۆک:


## پێشەکی

1. ئەلفبێ
2. هەمزە
3. پیتی "ڕ"
4. پیتی "ک" و "ك"
5. نەبزوێنی "w" و بزوێنی "u" و "وو û"
6. دەنگی درێژی "ی î"
7. ئامرازی دانەپاڵی "ی"
8. "ی"ی نیسبەت (درانەپاڵ)
9. "ھ" و بزوێنی "ە" لە زمانی کوردیدا
10. دوودەنگە
11. پیتی "ت"
12. هاوەڵناوی نیشانە
13. وشەی لێکدراو
14. ژمارەی لێکدراو
15. چاوگ و کاری داڕێژراو
16. چاوگ و کاری لێکدراو
17. چاوگی لێکدراو بە یەک پێشگر
18. چاوگی لێکدراو بە "پێ، تێ، لێ"
19. چاوگی لێکدراو بە دوو پێشگر
20. "پێ، تێ، لێ" سەربەخۆن
21. چاوگی لێکدراو لەگەڵ پێشگری وەک "بە"، "لە"
22. وشەی نافەرهەنگی
23. نیشانەکانی بەردەوامبوون و ئەمر و نەرێکردن
24. "نە"ی ڕەتکردنەوە
25. کێشەی "د"
26. پێشبەند (preposition)
27. پاشبەند
28. ئامرازی لێکدەر
29. کێشەی "بێ" و "بەبێ"
30. هاوەڵکاری چۆنیەتی
31. ئامرازەکانی "تر" و "ترین" و وشەی "تر = دیکە"
32. ئامرازی "ش"
33. وشەی بێگانە
34. کێشەی "دە" و "ئە"

35. نیومەودا
36. کێشەی گۆڕانی "وو" بۆ "ۆ"
37. یەک، یێک
38. کێشەی جێناوی لکاوی کات و کۆ
39. کێشەی تێکەڵکردنی "ڤ، ف، و"
40. ڕۆژانی هەفتە
41. ناوبەندی "و"
42. کێشەی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە
43. چەند بڕیارێکی نوێی ئایتی
44. جیاوازیی "پێشگر/پاشگر و "پێشبەند/پاشبەند"
45. نووسینی بکەرنادیار
46. دەستەواژە یان ڕستەی بێکردار
47. هەڵەی باو
48. تایپۆلۆجیی کوردی
49. "یش/ش = هەروەها"
50. پرسیار و وەڵامی چەندپاتەی فێرخوازان
51. پاشەکی
52. ژێدەر
53. خاڵبەندی
54. ڕوونکردنەوە
55. سوپاسنامە


<table>
<tr>
<td></td>
<td></td>
<td></td>
</tr>
<tr>
<td>٢٠٢١/٠٩/٢٥</td>
<td>٢٠٢٤/٠٢/٢١</td>
<td>٢٠٢٤/٠٨/٣٠</td>
</tr>
</table>

## پێشەکی بۆ وەشانی ٤، سەرهێڵ

لە جیهانێکدا کە تا دێت پێکەوە گرێ دەدرێت، نووسینی ورد و بێهەڵە بە هەمان شێوەی قسەکردنی ڕوون گرنگە. پێویستە نووسینەکان یەکدەست بن و یاسا و ڕێسای ڕێنووس و خاڵبەندیی هاوبەش بەکار بهێنرێت، تا ببێتە بنەما، نە تەنیا بۆ نووسەران و قوتابییان و خوێندکاران، بەڵکوو بۆ ژیرییە دەستکردەکانیش.

ئەم ڕێنووسە، پتر لە بیست ساڵە کاری لەسەر دەکرێت و بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنە زمانەوانی و ئایتییەکاندا خۆی دەگونجێنێت. پێشتریش چەند جار بە شێوەی سەرهێڵ و کتێبیش بڵاو بووەتەوە.

سەردەم، سەردەمی ژیریی دەستکردە و پێویستە هەرچی زووتر هەمووومان یەک ڕێنووس بەکار بهێنین و دەقی زۆر کە بە یەک شێوە نووسرابن، بخەینە سەر ئینتەرنێت تا ببێتە بنەما بۆ دنیای تەکنۆلۆجیا و پڕۆژە زمانییە بنکەدراوەییەکانی داهاتوو.

ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی گرنگ و متمانەپێکراوە بۆ هەموو نووسەران، خوێندکاران، قوتابییان، مامۆستایان، کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکان، چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکان.

لەسەر بڕیارەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، ئەکادیمیای کوردی و گرووپە جۆربەجۆرە ئایتییە کوردییەکان دامەزراوە و بۆ زۆر خاڵ ڕاوێژی بە پرۆفیسۆر و زمانەوانان و مامۆستایانی خاوەنڕای کوردی کردووە. خاوەنی پاشخان و پێشینەیەکی دەوڵەمەندە کە هاوکات سەرچاوەیە بۆ یەکخستنی زمان لە ئێستا و داهاتووشدا.

ئەم کتێبە، بە ئامانجی پێدانی ڕێنوێنیی هەمەلایەنە لەسەر یاساکانی ڕێنووس بە زمانی کوردی نووسراوە. لێرەدا پرەنسیپ و خاڵە گرنگەکانی نووسینی دروست دەخرێنە بەرچاو، بۆ ئەوەی نووسەران و قوتابییان و ئەوانەی ئارەزووی زمانی کوردی دەکەن، بتوانن نووسینەکانیان بە شێوەیەکی یەکگرتوو و دروست بنووسن. جگە لەوەش بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ یاساکانی خاڵبەندی بۆ یارمەتیدانی نووسەران لە نووسینێکی دروستدا.

هیوادارین ئەم کتێبە هەم لە شێوازی پەروەردە و هەم لە پێناو پاراستن و فراوانکردنی زمانی جوانی کوردیدا سوودی هەبێت.

دیاکۆ هاشمی، مامۆستای ڕێنوێنی زمان لە سوید، ٢٠٢٤/٠٨/٣٠

١

**ئەلفبێ**

**ئـ - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - هـ - ە - و - وو - ۆ - ی - ێ.**

***

**ڕوونکردنەوە:**

پیتەکان: ٣٤ پیت

بزوێنەکان: ٨ دەنگ، ٧ پیت + ١ بزرۆکە "i" کە پیتی بۆ دانەنراوە.

دوو پیتی "**و، ی**" هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن.

لە زمانی کوردیدا، وشەی لێکدراو، لە پلەی یەکەمدا، بەبێ هیچ ناوبەندێک پێکەوە دەلکێنرێت. ئەگەر نەکرا، ئەو کاتە ناوبەند بەکار دەهێنین. هەروەها، لە هەموو زمانەکانی دنیادا چونکە وشەی "**Alphabet**" پێکەوە لکێنراوە، ئێمەش هەر دەنووسین: "ئەلفبێ"، نەک "ئەلفوبێ" یان "ئەلف بێ".

**پیتەلکاو و پیتەنەلکاو:**

بەشێک لەم پیتانە پیتەلکاون، واتە لە هەر دوو لاوە دەلکێن بە پیتی پێش و پاش خۆیانەوە و بەشێکیشیان تەنیا لە یەک لاوە دەلکێن کە پێیان دەوترێت "پیتەنەلکاو".

**پیتەلکاوەکان:**

**ئـ - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - هـ - ی - ێ.**

**پیتەنەلکاوەکان:**

**ا - د - ر - ڕ - ز - ژ - ە - و - وو - ۆ.**

***

**تەختەکلیلی کوردی**

لەبەر تایبەتمەندیی ئەلفبێی کوردی، واتە هەبوونی پیتی جیاواز و تایبەتی وەک "**ئ، ڕ، ڵ، ۆ**" و جیاوازیی "**ھ**" و بزوێنی "**ە**"، بۆ نووسینی زمانی کوردی پێویستە کەڵک لە تەختەکلیلی کوردی وەربگیرێت، ئەگینا نووسینەکان تێک دەچن. ئەورۆکە

تەختەکلیلی کوردی بەشێکی خۆکارە لەناو سیستەمی تەختەکلیلەکانی کۆمپیوتەرەکاندا.
دەتوانن لە بەشی ڕێکخستن، زمان و تەختەکلیل لەناو کۆمپیوتەرەکەتاندا، تەختەکلیلی کوردی چالاک بکەن.
لەسەر مێژووی تەختەکلیلی کوردی و شێوازە جۆربەجۆرەکانی تەختەکلیلی کوردی، دەتوانن لێرە زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنن:
http://unicode.ekrg.org/download.html

**٢**

**هەمزە (ئـ)**

لەم دۆخانەدا هەمزە دەسڕینەوە:
خۆراوا، ڕۆژاوا، مالاوایی
نەک: خۆرئاوا، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی

***

**ڕوونکردنەوە:**

هەمزە (ئـ) لە سەرەتای وشەی بزوێندارڕا دەنووسرێت، وەک "ئاو". لە ناوەڕاستی دوو بزوێندا دەنووسرێت، وەک: "دەرزیئاژن"، بەڵام لە وشەی لێکدراوی وەک ئەمانەدا دەیقرتێنین چونکە هیچ لە واتاکە ناگۆڕێت:

گوڵ + ئاو = گوڵاو نەک: گوڵئاو
خۆر + ئاوا = خۆراوا نەک: خۆرئاوا
گۆشتاو، گوڵاو، ماستاو، ڕۆژاوا، مالاوایی
نەک: گۆشتئاو، گوڵئاو، ماستئاو، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی

**هەمزە لە هەموو شوێنێکدا ناقرتێنرێت**

لە هەندێک وشەدا ناکرێت هەمزە بقرتێنین، چونکە واتاکەی تێک دەچێت. نموونە:
١. لێوئاڵ
ناکرێت هەمزە لە وشەی "لێوئاڵ"دا بقرتێنین، چونکە قورسایی بزوێنەکە دەکەوێتە سەر "ێ" و "ا" و بەبێ هەمزە واتاکە تێک دەچێت، وەک ئەوەیە بڵێی "لێ واڵ"، کە ئەویش هەڵەیە.

٢. قورئان:
هەروەها ناکرێت هەمزە لە وشەی "قورئان"دا بسڕینەوە، چونکە واتاکەی تێک دەچێت.

**هەمزە لە کۆتاییدا (ئ - ء):**
زۆربەی پیتەکان شێوازی دەستپێک و کۆتاییيان جیاوازن وەک: **"ي - ی: یاری"** هەمزەش بە هەمان شێوە دەستپێک و کۆتاییی هەیە: "ئ - ء". هەمزە لە ڕاستیدا نیشانەیەکە تایبەت بە زمانی عەرەبی. لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنین. هەر وەک لە سەرەوە باس کرا، هەتا بکرێت دەیقرتێنین. جاری وایە کۆتاییيەکەشی لە شیعرێکی کلاسیکی کوردیدا بەکار هێنراوە، ناچارین هەر بەو شێوەیە بەکاری بهێنین:

ئەووەڵ و ئاخری دونیا وەکوو دەندان و لەبت
تاجیری ڕوویی جیهان لوئلوء و مەرجانی نییە
**سالم**

کە ئەمری فەرموو ئەو شاهە بە (إقرأ)
ئەگەر فـەرمانی قەتڵە کێ دەڵێ (نەء)
قسەی مــایــەی خرۆشی (نشأتین)ە
دوو عالەم نەشئە جۆشا، لەبیە (منشاء)
**مەحوی**

٣
**پیتی "ڕ"**
"ڕ" لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا وەک خۆی دەنووسرێت:
ڕاز، گڕکان، گڕ
***

**ڕوونکردنەوە:**
١. "ڕ" و "ر" دوو فۆنیمی جیاوازن و لە سیستەمی یونیکۆددا دوو کۆدی جیاوازیان هەیە
٢. لە تەختەکلیلی کوردیدا دوگمەی جیاوازیان هەیە. سەیر دەبێت بە دوگمەی "ر"ی سادە بینووسین بەڵام بە "ڕ"ی گڕ بیخوێنینەوە. هەر بۆیە دەنگی گڕی "ڕ" لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییشدا دەنووسین.

له ئینتەرنێتدا بگەڕێن بەدوای وشەی "ڕاز"
هەروەها بگەڕێن بەدوای وشەی "راز"
بزانن چەندە شتی جیاواز دەردەکەون، چونکە ئەوانە دوو کۆدی جیاوازن. کەوا بێت شتی جیاوازیش دەردەکەوێت. دەبێت خۆمان یەکدەست بکەینەوە.

٤

**پیتی "ک" و "ك"**

هەرگیز لە هیچ کوێی وشەدا پیتی "ك" بەکار ناهێنین.
پیتی "ک" لە کۆتایی وشەدا، بەبێ نیشانە دەنووسرێت:
خاک، چەک، پاک
نەک: خاك، چەك، پاك

***

**ڕوونکردنەوە:**

هەبوونی دوو شێوەپیت "ک و ك" بۆ یەک دەنگ "K"، باش نییە. هەر بۆیە باشترە یەک بژارە بمێنێتەوە.
کورد هەر لە کۆنەوە لە سەرەتای وشە و ناوەڕاستی وشەدا "ک"ی بەبێ نیشانە بەکار هێناوە. وەک:
سەرەتا: کار
ناوەڕاست: لێکۆڵەر
لە کۆتاییدا هەر دوو جۆرەکەی بەکار هێناوە: چاک، چاك
کەوا بێت باشتر وا بوو بۆ یەکدەستکردن، بڕیار بدرێت کە "ك" هەرگیز بەکار نەهێنرێت.
هەر لەبەر ئەوە، "کوردئایتیگرووپ" کە تەختەکلیل و فۆنتی یونیکۆدی کوردییان دروست کرد، بڕیاریان دا تەنیا "ک" لە تەختەکلیلدا بهێڵنەوە.
دواتر ئەم بڕیارە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردی و فەرمانگەی ئایتیی کوردستانیشەوە پاڵپشتیی لێ کرا.
هەڵبەت نووسینی ئەمە بە کۆمپیوتەر و بە شێوەی دیجیتاڵی زیاتر پێوەندیی بە جۆری فۆنت و دوگمەی تەختەکلیلەوە هەیە.
گرنگیشە کاتێک بە دەست دەنووسین هەرگیز "ك" بەکار نەهێنین و پاساویشی بۆ نەهێنینەوە کە گوایە ئەمەیان کوردییە و ئەوی تر ناکوردییە، ئەمەیان بۆ نووسین

جوانیی تێدایە و ئەوی دیکە تێیدا نییە، هەمووی ڕاهاتنێکی سادەیە، پاش ماوەیەک نووسینی "ک" لە کۆتاییدا پێی ڕادێین: "پاک"

لە ئینتەرنێتدا بگەڕێن بەدوای وشەی "خاک"
هەروەها بگەڕێن بەدوای وشەی "خاك"
بزانن چەندە شتی جیاواز دەردەکەون، چونکە ئەوانە دوو کۆدی جیاوازن، کەوا بێت شتی جیاوازیش دەردەکەون. دەبێت خۆمان یەکدەست بکەینەوە.

**پەیامێک بۆ مامۆستایانی ناو پۆل کە جاروبار بە دەست دەنووسن:**
تکایە لە جیاتیی "ك"ی نیشانەدار، "ک"ی سادەی بێنیشانە، فێری خوێندکارەکان بکەن.

**٥**

**نەبزوێنی "و w"، بزوێنی کورتی "و u" و بزوێنی درێژی "وو û"**

| | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|---|
| "و w" نەبزوێن: | ون | شەوبۆ | ڕاو |
| "و u" بزوێنی کورت: | ئومێد | کورد | - |
| "وو û" بزوێنی درێژ: | ئووبا | کەرکووک | توو |

**نموونەی زۆرتر:**
١. "و w" نەبزوێن: وانە، کەویار، ناو
٢. "و u" بزوێنی کورت: ئوستاد، خول، کون
٣. "وو û" بزوێنی درێژ: نووسین، سوور، چوو

"وو" هەمیشە لە کۆتاییی وشەدا پاش نەبزوێن درێژە "وو":

- وەکوو، چوو، موو

نەک: وەکو، چو، مو

**تێبینی:** دەنگی درێژی "وو" هەر لە کۆنەوە بڕیاری لەسەر دراوە کە بە "وو" بنووسرێت. ئێستاکەش زمانەوانانی گەورە و پرۆفیسۆرانی خاوەنڕا و هەروەها ئەکادیمیاش هەر سوورن لەسەر بەکارهێنانی "وو" کاتێک کە دەنگەکە درێژە.

٦

**دەنگی درێژی "ی î"**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **لە سەرەتا**<br>نانووسرێت، مەگەر<br>هەمزە "ئـ"ی لەگەڵدا بێت: | ئینجا | ئیبراهیم | ئیسلام |
| **لە ناوەڕاست** | فڕین | پەڕینەوە | ماسیگر |
| **لە کۆتایی، ١** | پەتی | کوردی | قەیسەری |
| **لە کۆتایی، ٢** | ئاسایی | پەمەیی | لادێیی |

**بزوێنی "ی î":**

**لە سەرەتا:**

لە سەرەتادا نایەت، ئەگەریش بێت دەبێت لە پێشدا هەمزە بنووسین، وەک:

ئیسلام، ئیبراهیم، ئینجا

**لە ناوەڕاست:**

سیروان، شیر، کوردیزان

**لە کۆتایی:**

١. لە کۆتاییدا کاتێک پێش لە "ی î" دەنگی نەبزوێن بێت، ئەو کاتە هەر بە یەک "ی" دەنووسرێت نەک "یی":

مەستی، بی، سی، مەحوی، نالی، کوردی، سویدی

٢. لە کۆتاییدا کاتێک پێش لە "ی î" دەنگی بزوێن (ا، ە، ۆ، وو، ی، ێ) بێت، ئەو کاتە ناوەبەندی نەبزوێنی "یـ" دەخەینە نێوانیان، بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەنووسرێن و دەبێتە "یی":

ئاسایی، پەمەیی، شنۆیی، هێشوویی، لادێیی، سییی

**نەبزوێن "ی y":**

هەر کاتێک دەنگی "ی" لەگەڵ بزوێنێکدا بێت ئەوە خۆی دەبێتە نەبزوێن:

**لە سەرەتا:**

یاد، یەکشەممە، یۆنجە

**لە ناوەڕاست:**

شایان، پەیمان، کۆیە، کوردییەکان، سێیەک

**له کۆتایی:**

له کۆتاییدا چ وەک بەشێک لە وشەکە، چ وەک جێناوی لکاوی تاک:

ئای، مەی، خۆی، کووی

**جێناوی لکاوی "ی، یان":**

لە دۆخی کاردا، کاتێک قەدەکە بە "ی" کۆتاییی هاتووە، نابێت جێناوی لکاوی "ی" یا "یان" لەبیر بکرێت:

نووسیم، نووسیت، نووسیی، نەک: نووسی

نووسیمان، نووسیتان، نووسییان، نەک: نووسیان

**٧**

**ئامرازی دانەپاڵ "ی"**

| وشە | ئامرازی دانەپاڵ | وشە | گرێی ناوی/هاوەڵناوی |
|---|---|---|---|
| کورد | ی | سنە | کوردی سنە |
| کوردی | ی | سنە | کوردیی سنە |
| سنەیی | ی | کوردپەروەر | سنەییی کوردپەروەر |

٭٭٭

**ڕوونکردنەوە:**

ئامرازی دانەپاڵی "ی"، ئەرکێکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە. وەک پیتێک یان وشەیەک هەژماری بوونی بۆ دەکرێت. فۆنیمێکە بوونی پێویستە. بۆ نموونە گرێی ناوی یان هاوەڵناوی دروست دەکات. هەر بۆیە، هەرگیز نابێت بقرتێنرێت.

***

**"یـ"ی ناوبەند:**

بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەنووسرێن، "یـ"ی ناوبەند بەکار دەهێنرێت:

| بزوێن | ناوبەند | بزوێن | |
|---|---|---|---|
| نی | یـ | ە | نییە |
| چی | یـ | ە | چییە |
| کوردی | یـ | ە | کوردییە |
| شنۆیی | یـ | ەکان | شنۆییەکان |
| خۆجێیی | یـ | ەکان | خۆجێییەکان |

**ڕوونکردنەوە:**

نابێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بنووسرێن. ئەگەر کەوتنە پاڵ یەکترەوە، ئەو کاتە ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیان:

بزوێن + ناوبەندی یـ + بزوێن

**کوردیــیــەکان**

**ئەو دۆخانەی بە (ییی) دەنووسرێن:**

"یی" لەم دۆخانەدا دەبێت بە "ییی":

١. کاتێک وشەیەک بە "یی" کۆتایی هاتووە و بزوێنێک بەدوایدا دێت، ئەو کاتە ناوبەندی "یـ" دەگرێت:

شنۆیی یـ ەکان = شنۆیییەکان

٢. کاتێک وشەیەک بە "یی" کۆتایی هاتووە و وشەیەکی تر بەدوایدا دێت، ئامرازی دانەپاڵی "ی" دەگرێت:

سەوزایی ی دارستان: سەوزاییی دارستان

٣. کاتێک وشەیەک بە "یی" کۆتایی هاتووە و پاشان، جێناوی لکاوی سێیەم کەسی تاک بەدوایدا دێت *:

پەککەوتەیی م = پەککەوتەییم (پەککەوتەیی من)

پەککەوتەیی ت = پەککەوتەییت (پەککەوتەیی تۆ)

* پەککەوتەیی ی = پەککەوتەییی (پەککەوتەیی ئەو)

**"یی" یان "ییی"؟**

بەپێی ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی، نووسینی "ییی" لەو دۆخانەدا کە باس کران، نەک هەڵە نین، بەڵکوو دروستیشن، چونکە بەو جۆرە دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن و هیچ دەنگێکیش ناقرتێنرێت.

بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ڕایان وایە نووسینی سێ "ی" (ییی)، جێی زۆر دەگرێت و فێرکردنی بۆ فێرخوازی منداڵ زەحمەتە، هەر لەبەر ئەوە، پێیان باشترە "ی"ی سێیەم لە کۆتاییدا نەنووسرێت و هەر بە "یی" بنووسرێت. بۆ نموونە بنووسن:

**شنۆییەکان، سەوزایی دارستان**

بەڵام ئەم نامیلکەیە "ییی" ڕەچاو دەکات، چونکە لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەمە دروستە.

**٨**

**"ی"ی "نیسبەت" (درانەپاڵ)**

"ی"ی نیسبەت، لە کاتی "درانەپاڵ"دا، بە یەک "ی" دەنووسرێت. سێ دۆخی هەیە:

١. ئەگەر وشەکە بە نەبزوێن کۆتاییی هاتبێت:

هەولێر + ی = هەولێری

هەروەها:

کرماشانی، چەمچەماڵی، کەرکووکی، مەهابادی

٢. ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتاییی هاتبێت، ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیانەوە:

شنۆیی، پاوەیی، سەرگەڵوویی، میراوایی

٣. ئەگەر وشەکە بە "ی" کۆتاییی پێ هاتبێت، هیچی پێ زیاد ناکەین:

سلێمانی: ئاسۆ سلێمانی لەوێ دانیشتووە.

ئامێدی: ئاسۆ ئامێدی لەوێ دانیشتووە.

***

٣. ناوی نیسبەت، لە کوردیدا وا دروست دەبێت:

"ناوی شوێن + ی"، وەک:

کەرکووک + ی = کەرکووکی

لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا، زۆر ناو بە شێوازی عەرەبی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بەکار دەهێنرێن و وا جێ کەوتوون کە ڕەنگە لابردنیشیان ئاسان نەبێت:

ئەمریکی: کوردییەکەی: "ئەمریکا + یی = ئەمریکایی"

ناوی شوێنەکە "ئەمریکا"یە نەک ئەمریک

ئەفریقی: کوردییەکەی: "ئەفریقا + یی = ئەفریقایی، ئافریقایی، ئافریکایی"

فەرەنسی: کوردییەکەی: "فەرەنسا + یی = فەرەنسایی"

ناوی شوێنەکە "فەرەنسا"یە، نەک فەرەنس

ناوی هەندێک نەتەوە هەن کە فۆنیمی "ی" وەرناگرن:
کورد، ئەفغان، فارس، عەرەب، تورک، تاجیک
هەندێک نەتەوەش هەن، هەر بە ناوی وڵاتەکەیان نیسبەت دەدرێن: سویدی، چینی، ژاپۆنی
بۆ دیاریکردنی دۆخی "هاووڵاتێتی"، ئەوە ئاماژە بە "وڵات" دەکرێت و "ی" زیاد دەکرێت:
عەرەبستانی، عێراقی، چینی، سویدی، ئێرانی، ئەفغانستانی

**٩**


**"هـ" و بزوێنی "ە" لە زمانی کوردیدا**

دەنگی **"هـ"** لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا بەم شێوەیە دەنووسرێت:
**لە سەرەتا:** هاوار، هانا، هەور، هێشوو
**لە ناوەڕاست:** میهر، مەهرۆو، شاهۆ
**لە کۆتایی:**
"ماهـ"، نەک: "ماە"
"مەهـ"، نەک: "مەە"
"بەهـ بەهـ"، نەک: "بە بە"

شەوقی مەهـ و ڕووی دڵبەر کەوتوونەتە جەدەل دیسان
"سالم"

بەتایبەت لە کۆتاییی وشەدا نابێت "هـ" لەگەڵ بزوێنی "ە" یان "ە" تێکەڵ بکرێت.
ئەوانە دوو دەنگی جیاوازن و بە شێوەی جیاواز بێژە دەکرێن:
دەست، مەلە، پەلە، دە، پارە

لە زمانی فارسی و عەرەبیدا بۆ نووسینی ئەو پیتانە تەنیا کەڵک لە دوگمەی "هـ" وەردەگیرێت، بەڵام لە کوردیدا نابێت ئەوە تێکەڵ بکەین و دوو دوگمەی جیاوازیشیان هەیە بۆ نووسین.
لەم وێنەیەی خوارەوەدا ئەو جیاوازییە لەسەر تەختەکلیل دەبینن:




ئەوانەی کە تەختەکلیلی ئینگلیزی بەکار دەهێنن، زۆر گرنگە بۆ نووسینی پیتی **"ه، هـ"** کەڵک لە دوگمەی **H** وەربگرن و بۆ نووسینی بزوێنی **"ە، ـە"** کەڵک لە دوگمەی **E** وەربگرن.

❋❋❋

**ڕوونکردنەوە:**

بۆ نووسینی "هـ" یان درێژکردنەوەی پیتەلکاوێک، بە تەختەکلیل، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکەین:



هـ :"M" + SHIFT + "H"

چۆن پیتێکی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە درێژ بکەینەوە؟

**کـــــــوردســـــتـــــان**

وا دەکەین:

لە پێشدا ئەو پیتەی کە دەتەوێت درێژی بکەیتەوە بنووسە، پاشان شیفت دابگرە و هاوکات دەست بنێ بە دوگمەی پیتی M:

**کـــــــوردستان** :"M" + SHIFT

١٠

**دوودەنگە (دیفتۆنگ)**

زمانەوانان ڕایان جیاوازە لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ دوودەنگە یان دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە یان نە، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەو ڕایەن کە لە زمانی کوردیدا دوودەنگە نییە.

بەڵام ئێمە لێرەدا بە مەبەستی ڕێنووس باسی دەکەین کە ئەگەر وشەیەک هات و دوودەنگی وەک "وێ، وی"ی تێدا بوو، پێویست ناکات بە یەک پیت بنووسرێن، بەڵکوو پێکەوە بەدوای یەکتر دەنووسرێن.

هەم لە کوردیی ناوەڕاست و هەم لە کوردیی خوارووا، پێویست بە پیتی جیاواز ناکات. هەر بە دوو پیت دەنووسرێت:

**لە کوردیی ناوەڕاست:**

شوێن، خوێن، جوێن، نوێن، گوێ، توێ

**لە کوردیی خواروو (کەلهوڕی، لەکی، فەیلی):**

خوین (خوێن)، بیستوین (بێستوون)، چوی (چۆن)، دوێت (کچ)، سویر (سوور، شایی)، دویر (دوور)، ژویر (ژوور)، نویسەر (نووسەر)

ئێستا نووسەرانی کوردی خواروو بۆ ئەو دەنگە کەڵک لەم پیتە وەردەگرن: "ۊ"، وەک: بیستۊن، دۊر، سۊر

دوو بزوێن نابێت پێکەوە بنووسرێن

هەندێک کەس بۆ نووسینی دەنگێکی کوردیی خواروو، کەڵک لە "ێ" وەردەگرن و هاوکات لەدوای بزوێنی تریشدا دەینووسن. وەک:

دەێ (deê)، خوەێ (xweê)، بەێ (beê)، نەێ (neê)، خوەێان (xweêan)

ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. لەگەڵ ڕێنووسی کوردیدا یەک ناگرێتەوە.هیچ کاتێک دوو بزوێن نابێت پێکەوە بنووسرێن. لە ڕاستیدا ئەو دەنگە ئەوەندە نزیکە لە "ی"، هەر پێویست بە "ێ" ناکات و دەکرێت بەم جۆرە بنووسرێن:

خوەی (xwey)، بەی (bey)، نەی (ney)، خوەیان (xweyan)

**١١**

**پیتی "ت"**

لە هەندێک وشەدا کە پیتی "ت" بەشێک لە وشەکەیە، نابێت "ت" بقرتێنرێت:

ماست، دەست

نەک: ماس، دەس

دەستەسڕ، دەستاودەست، ماستاوچی

نەک: دەسەسڕ، دەساودەس، ماساوچی

**بەپێی کۆمەڵەی "٣"ی جێناوی لکاو:**

| | | |
|---|---|---|
| **م / یت / ات، ێت** | **ین / ن / ن** | **ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ** |

بۆ نموونە لەم دۆخانەدا نابێت "ت" لەبیر بکرێت:

دەنووسیت، نەک: دەنووسی

دەنووسێت، نەک: دەنووسێ

دەکڕیت، نەک: دەکڕی

دەکڕێت، نەک: دەکڕێ

دەخۆیت، نەک: دەخۆی

دەخوات، نەک: دەخوا

**١٢**

**هاوەڵناوی نیشانەی وەک "ئەم، ئەو، ئەڤ":**

ئەگەر هاوەڵناوی نیشانە، ئاماژە بە کات، وەک "**ڕۆژ**، **شەو**، **ساڵ**" بکات، ئەوە پێکەوە دەنووسرێن. وەک:

ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمجار

ئەمجار سەختتەرەن زامم جە جاران
چڵ مدۆ دایم چــون گەستەی ماران
مەولەوی

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕخەمەن
ئەساسـەی مـاتەم جە لامان جەمەن
مەولەوی

بەڵام ئەگەر پاش کاتەکە پاشبەندی "ە، ی" بنووسرێت ئەوە جێناوەکە جیا دەبێتەوە:
ئەم جارە، نەک: ئەمجارە

**دروست:**
نـەمردم من ئـەگەر ئەم جارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
نالی

**هەڵە:**
نـەمردم من ئـەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەمخوارە بێ تۆ

**دروست:**
ئەم ڕۆژی ساڵی تـازەیـە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
پیرەمێرد

**هەڵە:**
ئەمرۆژی سـاڵی تـازەیـە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

**١٣**

**وشەی لێکدراو**

وشەی لێکدراو جاری وایە بەبێ ناوبەند دروست دەبن و جاری واشە بە یارمەتیی ناوبەند پێکەوە دەلکێن. دەبێت لە کاتی نوسیندا پێکەوە بنووسرێن، چونکە پێکەوە واتایەکی نوێیان دروست کردووە:

**١. بەبێ ناوبەند:**
ڕەشماڵ، نەک: ڕەشماڵ، ڕەش ماڵ
سەهۆڵفرۆش، نەک: سەهۆڵفرۆش، سەهۆڵ فرۆش

**٢. بە یارمەتیی یەکێک لەم ناوبەندانە "ە، بە، و، وە، او":**

گوڵەگەنم، نەک: گوڵە گەنم
جێبەجێ، نەک: جێ بە جێ، جێبەجێ
هاتوچۆ، نەک: هاتوچۆ، هات و چۆ
شارەوشار، نەک: شارە و شار، شارەو شار
پشتاوپشت، نەک: پشتاو پشت

### ٣. وشەی دووپاتبوو

**هاوەڵکار:** ئەگەر هاوەڵکار بن و باسی کاری ڕستەکە بکەن کە چۆن کارەکە کراوە، ئەوە بەجیا دەنووسرێن. وەک:
هێرۆ سوور سوور دەیزانی ئەوە نابێت.
تێر تێر ئاوی خواردەوە.
ئەو وێڵ وێڵ دەسووڕایەوە.
باخەوانەکە هێشوو هێشوو ترێی دەکەندەوە.
لەسەر گەڵاکە دڵۆپ دڵۆپ ئاونگ دەبینم.

**هاوەڵناو:** ئەگەر هاوەڵناو بن و وەسفی ناوی ڕستەکە بکەن، ئەوە پێکەوە دەنووسرێن، چونکە هاوەڵناوی لێکدراو هەمیشە پێکەوە دەنووسرێن:
باڵابەرز، چاوجوان، ملدرێژ، تێکسمڕاو، کونکون، میلمیل، گرنجگرنج، پڵپڵ، کڕکڕ
کاغەزێکی کونکون
کراسی میلمیل
دیواری گرنجگرنج
پڵنگی پڵپڵ
شووشەیەکی کڕکڕ "کیڕکیڕ"

### ٤. ئامرازی دانەپاڵی "ی" و ئامرازی لێکدەری "ە":

ئەم دوو ئامرازە لە زمانی کوردیدا تایبەتن، وا دەکەن کە بتوانین پێکهاتەی دوو وشە یان چەند وشە بە دوو جۆر بنووسین:
١. بە شێوەی ئامرازی دانەپاڵ: شانەی دەماری
٢. بە شێوەی وشەی لێکدراو: دەمارەشانە
لە ڕووی واتاوە هەردووکیان دروستن:
شانەی دەماری = دەمارەشانە

شانەی دەماری، گرێیەکی ناوییە، چونکە بە ئامرازی دانەپاڵی "ی" دروست بووە.
دەمارەشانە، وشەیەکی لێکدراوە، چونکە بە ئامرازی لێکدەری "ە" دروست بووە. هەم بووە بە یەک وشەی لێکدراو، هەمیش خێرا گۆ دەکرێت.
دەیان پێکهاتەی زانستی بەم ئامرازە بوون بە وشەی لێکدراو:
ناوەندەدەمار، هەستەدەمار، جووڵەدەمار، لاکێشەمۆخ، هەستەئەندام

دەکرێت لە دوو وشەش زیاتر بن:
کۆئەندامی دەماریی ناوەندی = ناوەندەدەمارەکۆئەندام
تەنانەت دەشتوانین وا بینووسین:
کۆئەندامی ناوەندەدەمار

کەوا بێت تایبەتمەندیی زمانی کوردی ئەو ئاسانکارییە دەکات کە بکرێت وشەکان بە چەند شێوە بنووسرێن، بێ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوو بدات.
نموونەی تری وشەی لێکدراو بە ئامرازی لێکدەری "ە":

ناوەندەدەمارەکۆئەندام
دڕکەپەرچەکردار
لەشەدەمارەکۆئەندام
کوێرەڕژێنەکۆئەندام
چێوەکۆئەندامی دەمار

# جۆرەکانی وشەی لێکدراو

| | وشە | ناوبەند | وشە | پاشبەند | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|---|
| .1 | ناو | - | ناو | - | مارماسی، شاهەنگ، تەختەکلیل |
| .2 | ناو | ە | ناو | - | مانگەشەو، گوڵەگەنم، دەردەفیل |
| .3 | ناو | بە | ناو | - | دەربەدەر، نیشتمانبەدەر، جێبەجێ |
| .4 | ناو | و | ناو | - | هێلکەوڕۆن، دەموچاو، لەرزوتا |
| .5 | ناو | - | قەد | - | ڕۆژهەڵات، دەستکرد، دەستکەوت |
| .6 | ناو | و | قەد | - | دەستوبرد |
| .7 | ناو | - | هاوەڵناو | - | گوێدرێژ، چاوجوان، باڵابەرز |
| .8 | ناو | ە | هاوەڵناو | - | مێرگەسوور، کێلەسپی، کەرەکێوی |
| .9 | ناو | ە | هاوەڵناو | ە | ئاگرەسوورە، مریشکەڕەشە |
| .10 | ناو | - | ڕەگی کار | - | سەهۆڵفرۆش، گیرفانبڕ، وێبگەڕ |
| .11 | ناو | - | ناوی بەرکار | - | سەرشکاو، زگسووتاو، دەستگیراو |
| .12 | ناو | - | دووپات | - | کونکون، پڵپڵ، گرنجگرنج |
| .13 | ناو | ە | دووپات | - | لرفەلرف، گڤەگڤ، خشەخش |
| .14 | ناو | وە | دووپات | - | شارەوشار، ماڵەوماڵ، ساڵەوساڵ |
| .15 | ناو | او | دووپات | - | چڵاوچڵ، پشتاوپشت، دەستاودەست |
| .16 | ناو | و | گۆڕینی پیت بۆ م | - | شتومت، گوڵومول، قسەومسە |
| .17 | ناو | و | وشەی بێواتا | - | قەرزوقۆڵ،کەروەمەر، گوڵومول |
| .18 | ناو | - | چاوگ | - | وێنەگرتن، نامەنووسین، تەلەفۆنکردن |
| .19 | هاوەڵناو | - | ناو | - | ڕەشمار، زەرداو، ڕەشماڵ |
| .20 | هاوەڵناو | ە | ناو | - | سوورەقاز، ڕەشەبا، تەڕەپیاز |
| .21 | هاوەڵناو | - | ڕەگی کار | - | کورتبین، نوێخواز، ڕەشبین، تیژبڕ |
| .22 | هاوەڵناو | ە | ڕەگی کار | - | کۆنەفرۆش، سەوزەپۆش، بەرزەبێژ |
| .23 | هاوەڵناو | و | ڕەگی کار | - | ڕەقوتەق، |
| .24 | هاوەڵناو | و | وشەی بێواتا | - | گورجوگۆڵ، نەرمونۆڵ، پانوپۆڕ |
| .25 | هاوەڵناو | - | چاوگ | - | جوانکردن، ناشیرینکردن، سەوزبوون |
| .26 | هاوەڵکار | - | ناو | - | بەرماڵ، بنباخەڵ، ژێرکراس |
| .27 | هاوەڵکار | - | ڕەگی کار | - | بەرماڵ، پاشگەز، دووربین |
| .28 | هاوەڵکار | - | ڕەگی کار | ە | لاگیرە، بەرچنە، بەرماڵە |
| .29 | هاوەڵکار | وە | هاوەڵکار | - | پاشەوپاش، بەرەودوا، بەرەوپاش |
| .30 | هاوەڵکار | - | قەد | - | پاشکەوت، پێشکەوت، سەرکەوت |
| .31 | ڕەگی کار | ە | دووپات | - | هاتەهات، تەپەتەپ، مرەمر |
| .32 | ڕەگی کار | و | ڕەگی کار | - | ترسولەرز |
| .33 | ڕەگی کار | و | وشەی بێواتا | - | کوڵوکۆ |
| .34 | قەد | و | قەد | - | هاتوچۆ، گفتوگۆ |
| .35 | قەد | و | ڕەگی کار | - | وتووێژ، مشتوماڵ، گوتوبێژ |
| .36 | ژمارە | - | ناو | - | یەکشاخ، چوارچرا، هەزارپێ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .37 | وشەی بێواتا | و | ناو | - | برووبیانوو، جرووجانەوەر |
| .38 | وشەی بێواتا | و | وشەی بێواتا | - | جرتوفرت، جیقونیق، جلقوفلق |

**١٤**

**ژمارەی لێکدراو (ژمارە + ژمارە)**

ژمارەی لێکدراو کە پێک هاتووە لە (ژمارە + ژمارە)، بەجیا دەنووسین، چونکە کاتێک زۆر بن، دەتوانن ئاڵۆزی دروست بکەن.

**ژمارەی ئاوێتەی (١١ تا ١٩):**

یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە

**ژمارەی لێکدراوی (٢١ تا ٩٩):**

بیست و یەک (٢١)، سی و چوار (٣٤)، چل و پێنج (٤٥)

**ژمارەی لێکدراوی (١٠٠ تا ٩٠٠):**

یەک سەد (١٠٠)، دوو سەد (٢٠٠)، سێ سەد (٣٠٠)

ئاوارتە:

ئەم ژمارە سەدییانە کاتێک بەتەنیا دێن، دەکرێت پێکەوەش بنووسرێن، چونکە زۆر خێرا پێکەوە گۆ دەکرین و هەڵە دروست ناکەن:

یەکسەد، دووسەد، سێسەد، چوارسەد، پێنجسەد، شەشسەد، حەوتسەد، هەشتسەد، نۆسەد

**نموونە:** نزیکەی **سێسەد** کەس لە کۆڕەکەدا بەشدارییان کرد.

بەڵام کە کەوتنە ناو ژمارەیەکی دووردرێژەوە دەبێت بەجیا بنووسرێن، بۆ ئەوەی هیچ ئاڵۆزییەک ڕوو نەدات:

پێنج میلیۆن و سێ سەد و چل و شەش هەزار و چوار سەد و بیست و نۆ

**(١٠٠٠ بۆ سەرەوە):**

ژمارە + "هەزار، میلیۆن، ملیارد، بیلیۆن، تریلیۆن و هتد" بەجیا دەنووسرێن، چونکە گتێکی کورت لەنێوانیاندا هەیە:

یەک هەزار (١٠٠٠)، دوو هەزار (٢٠٠٠)

سێ میلیۆن (٣ ٠٠٠ ٠٠٠)، نۆ ملیارد (٩ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠)

**نموونەی نووسینی ژمارەیەکی گەورە (١ ٨٥٢ ٣٤٤):**

**یەک میلیۆن و هەشت سەد و پەنجا و دوو هەزار و سێ سەد و چل و چوار**

***

**ژمارە + وشە:**

بەڵام ژمارە لەگەڵ وشەیەکی تر کە وشەی لێکدراو دروست بکات پێکەوە دەنووسرێت:

دووشەممە، پێنجشەممە، یەکساڵە. دوودڵ، چوارچرا، هەزارپێ، چوارتا

***

**شێوازی ژمارەکان:**

لە باری ئاساییدا، شێوازی سێ ژمارەی چوار، پێنج و شەش لە فارسی و عەرەبیدا پێکەوە جیاوازییان هەیە. هەندێک جار، فۆنتەکە خۆی وا دارێژراوە کە بەکارهێنەر ناتوانێت کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی شێوازی ژمارەکان بێت. زۆر تەختەکلیل و فۆنتی کوردی لەسەر شێوازی عەرەبی دارێژراون. جیاوازییەکان بەگشتی لەم خشتەیەدا دەبینن:

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عەرەبی | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٠ |
| فارسی | ۹ | ۸ | ۷ | ۶ | ۵ | ۴ | ۳ | ۲ | ۱ | ۰ |

**١. ژمارەی بنجی:**

یەک، دوو، سێ، یازدە، دوازدە، سێزدە، بیست و یەک، بیست و چوار

**٢. ژمارەی پلەیی (ژمارە + مە، ەمین):**

یەک + مە = یەکەم، یەکەمین

یەک: یەکەم، یەکەمین

دوو: دووەم، دووەمین

سێ: سێیەم، سێیەمین

چوار: چوارەم، چوارەمین

ژمارە ئەگەر کۆتاییەکەی بزوێن بێت، لە شێوەی بنجیدا، ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیان، بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەنووسرێن:

ژمارە + یـ + ەم = نۆیەم، دەیەم، پەنجایەم

سێ: سـێـیــەم، سـێـیــەمین

نۆ: نۆیــەم، نۆیــەمین

پەنجا: پەنجایــەم، پەنجایــەمین

ئەمانە بە دوو جۆر دەنووسرێن، بۆ نموونە: سێیەمین و سێهەمین

بۆ ئەوەی یەک جۆریان هەڵبژێرین، باشترە هەمیشە لە ناوبەندی "یـ" کەڵک وەربگرین نەک "هـ":

سێیەم، نەک: سێهەم

دەیەمین، نەک دەهەمین

### ٣. ژمارەی دابەش:

دوو دوو، سێ سێ، پێنج پێنج، دە دە

بەردەکان سێ سێ ڕیز بکە.

لەگەڵ ئامرازی "بە":

یەک بە یەک، دوو بە دوو، سێ بە سێ، پێنج بە پێنج

### ٤. ژمارەی کەرتی:

(١/١٠): دە یەک = یەک لەسەر دە

(٣/٧): سێ لەسەر حەوت = لە حەوتدا سێ

(٠٫٧): لە دەدا حەوت

(٠٫١٤): لە سەددا چواردە

(٠٫١٤٠): لە هەزاردا سەد و چل

## ڕیزبوونی ژمارەکان

شێوەی ڕیزبوونی ژمارەکان، لە باشوور و ڕۆژهەڵات، پێکەوە جیاوازییان هەیە. لە ڕۆژهەڵات بەپێی سیستەمی ئێران و ڕۆژاوا ژمارەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست ڕیز دەکرێن. لە باشوور بەپێی سیستەمی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ ڕیز دەکرێن:

| باشوور | ڕۆژهەڵات |
| --- | --- |
| ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨<br>٧ + ٨ = ١٥ | ١, ٢, ٣, ٤, ٥, ٦, ٧, ٨<br>٧ + ٨ = ١٥ |

**١٥**

## چاوگ و کاری دارِێژراو

### چاوگی دارِێژراو بە پێشگری سادە:

| چاوگی دارِێژراو | چاوگی سادە | پێشگری سادە |
|---|---|---|
| ڕاهێنان | هێنان | ڕا |
| هەڵهێنان | هێنان | هەڵ |
| داهێنان | هێنان | دا |

**لە دۆخی ڕانەبردوو و ئەمردا:**

پێکەوە دەنووسرێن، چونکە خێرا گۆ دەکرێن:

ڕادەهێنم، ڕاناهێنم، ڕابهێنە، ڕامەهێنن

هەڵدەکەم، هەڵدەکەیت، هەڵناکەیت، هەڵدەکات، هەڵناکات

**لە دۆخە ڕابردووەکاندا:**

بە هاتنی جێناوی لکاو، بۆشایی دەکەوێتە نێوانیان، چونکە گت یان وەستانێکی کورت لەنێوانیاندا دروست دەبێت:

ڕام هێنا، ڕام نەهێنا، ڕات هێناوە، ڕایان نەهێناوە، ڕاتان هێنابوو، ڕایان نەهێنابوو

هەڵم هێنا، هەڵم نەهێنا، هەڵتان هێنا، هەڵتان نەهێنابوو

**تێبینی:**

پێکەوەنووسین و بەجیانووسینی کاری دارِێژراو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە.

لە کۆنەوە هەر لە سەردەمی کۆڕی زانیاریی کورد و دواتریش لە نامیلکەکانی ئەکادیمیا هەمیشە پاڵپشتی لە بەجیانووسینیان کراوەتەوە. هەر بۆیە بەجیانووسینیان لە کۆنەوە باو بووە. بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە کە دەڵێت هەمووی بەشێکە لە وشەکە و پێویست ناکات بەجیا بنووسرێن. لە ساڵی ٢٠١٣، ئەکادیمیا ڕای گەیاند کە ئەمانە دەشێت بە هەر دوو شێوەکەی بنووسرێن:

**هەڵم گرت / هەڵمگرت**

**هەڵتان نەسپارد / هەڵتاننەسپارد**

**ڕای گەیاند / ڕایگەیاند**

**چاوگی دارێژراو بە پێشگری ناسادە**

| پێشگری ناسادە | چاوگی سادە | چاوگی دارێژراو |
|---|---|---|
| پێک | هێنان | پێکهێنان |
| تێک | دان | تێکدان |
| پێدا | هێنان | پێداهێنان |

**لە دۆخی ڕانەبردوو و ئەمردا:**

بەجیا دەنووسرێن:

پێک دەهێنم، پێک ناهێنم، پێکتان هێناوە، پێکیان نەهێناوە

پێکم هێنا، پێکم نەهێنا، پێکتان هێناوە، پێکیان نەهێناوە

پێکم هێنابوو، پێکم نەهێنابوو، پێکتان هێنابوو

پێک بهێنە، پێک مەهێنن

**لە دۆخە ڕابردووەکاندا:**

بە هاتنی جێناوی لکاو، کەرت دەبن:

پێکم هێنا، پێکم نەهێنا، پێکت هێناوە

پێکیان نەهێناوە، پێکتان هێنابوو، پێکیان نەهێنابوو

١٦

## چاوگ و کاری لێکدراو

**چاوگی سادە:** نووسین، بردن، خواردن، فڕین

دەنووسم، دەنووسیت، دەنووسێت، نەمدەنووسی، نەماندەنووسی، دەماننووسی

**چاوگی لێکدراوی دووبەشی:**

(وشە + چاوگی سادە):

| وشە | چاوگی سادە | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|
| فێر | کردن | فێرکردن |
| نامە | نووسین | نامەنووسین |
| فڕێ | دان | فڕێدان |

چاوگەکەی پێکەوە دەنووسرێت. لە دۆخی کار (گەردان)دا بەشی کۆتاییەکەی بەجیا دەنووسین:

**چاوگ**: پێکەوە: **فێرکردن**

**گەردان یان کار:**

فێر دەکەم، فێرم کرد، فێرم نەکرد، فێریان کرد، فێریان نەکرد

فێر بکە، فێر مەکە. فێر بکەن، فێر مەکەن

فێریان کردووە، فێرتان نەکردبوو

١٧

## چاوگی لێکدراو بە یەک پێشگر

(وشە + پێشگری سادە + چاوگ):

| وشە | پێشگری سادە | چاوگی سادە | چاوگی ئاڵۆز |
|---|---|---|---|
| چاو | دا | گرتن | چاوداگرتن |
| دەست | ڕا | گرتن | دەستڕاگرتن |
| پارە | وەر | گرتن | پارەوەرگرتن |
| ئاڵا | هەڵ | کردن | ئاڵاهەڵکردن |

**چاوگ:** چاوگی لێکدراو کە بە یارمەتیی یەک پێشگر یەک دەگرنەوە پێکەوە دەنووسرێن:
وەک: دەستڕاگەیشن، ئاڵاهەڵکردن

**کار (گەردان):** وشەی یەکەم بەجیا، باقیی پێکەوە دەنووسرێت، چونکە گتێکی کورت لە نێوان وشەی یەکەم و باقییەکەیدا هەیە:
چاو دادەگرم، چاو دادەگریت، چاو دادەگرێت
چاوم داگرت، چاوت داگرت، چاوی داگرت

دەست ڕادەگرم، دەست ڕادەگریت، دەست ڕادەگرێت
دەستمان ڕاگرت، دەستتان ڕاگرت، دەستیان ڕاگرت
ئاڵا هەڵدەکەم، ئاڵا هەڵناکەین، ئاڵامان هەڵکردبوو، ئاڵایان هەڵنەکردبوو

**هۆکاری کەرتبوون:**
ئەم جیاکردنەوەیە لەبەر ئەوەیە کە ڕاوەستانێکی کورت لەنێوانیاندا هەیە. هەروەها ناهێڵێت کارەکان زۆر درێژ ببنەوە. هەروەها پێشگیری لەوە دەکات کە ڕستەیەکمان بە یەک دێڕ بنووسرێت. واتە لە جیاتیی ئەوەی بنووسرێت: دەستیانهەڵنەگرتبوو، دەنووسرێت: دەستیان هەڵنەگرتبوو.

## ١٨

## چاوگی لێکدراو بە "پێ، تێ، لێ"

(وشە + "پێ، تێ، لێ" + چاوگ):

| وشە | پێ، تێ، لێ | چاوگی سادە | چاوگی ئاڵۆز |
|---|---|---|---|
| دەست | پێ | کردن | دەستپێکردن |
| کار | تێ | کردن | کارتێکردن |
| دەست | لێ | دان | دەستلێدان |

**چاوگ:** پێکەوە دەنووسرێن.

**لە دۆخی کاردا (پێ، تێ، لێ) بەجیا دەنووسرێن:**

کار دەست پێ دەکات.

دەستی تێ دەخەم. دەستی تێ مەخە.

دەستیان تێ خستووە. دەستیان تێ نەخستبوو.

دەستی لێ دەدەم دەستیان لێ نادەم.

دەستتان لێ دابوو. دەستیان لێ نەدابوو.

***

ئەمە هەم بڕیاری "ئەکادیمیا"یە و هەمیش هەر لە کۆنەوە بڕیاری "کۆڕی زانیاریی کورد" بووە و لە کتێبەکانیاندا بەجوانی دیارە. بۆ نموونە لە دیوانی مەحوی:

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا، ئەم عارفە توند بوو<br>
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە، خوێنی تۆ لە پێ دەگرم<br>
لە ڕووسووری عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام<br>
بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم<br>
لەسەرخۆچوونە، شەیدابوونە، قورپێوانە، سووتانە<br>
هەتا مردن، مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕیزی لێ دەگرم<br>
چ شۆخە ئاگرم تێ بەردەدات و پێم دەڵێ: یا شێخ!<br>
بە خاشاکی دەوت شوعلە، عەسامە دەستی پێ دەگرم<br>
کە سینەی ڕێشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد<br>
وتی: پەژموردەیە ئەم لالەزارە، ئاوی تێ دەگرم<br>
لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم<br>
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ، من بەرقی تێ دەگرم<br>
شوکر هوشیارە مەحوی، تێ دەگا دنیا خەراباتە<br>
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم!

١٩

**چاوگی لێکدراو بە دوو پێشگر**

(وشە + "پێ، تێ، لێ" + پێشگری سادە + چاوگ):

| وشە | پێ، تێ، لێ | پێشگری سادە | چاوگی سادە | چاوگی ئاڵۆز |
|---|---|---|---|---|
| دەست | پێ | ڕا | گەیشتن | دەستپێڕاگەیشتن |
| خۆ | تێ | هەڵ | قورتاندن | خۆتێهەڵقورتاندن |
| دەست | لێ | هەڵ | گرتن | دەستلێهەڵگرتن |

چاوگێک بە دوو پێشگرەوە:

هەر کاتێک چاوگێک دوو پێشگری هەبوو (لێ هەڵ) و پێش ئەوانەش وشەیەکی تر بێت وەک "دەست"، ئەوە **دەکرێت** پێشگری یەکەم بەجیا بنووسین:

دەست پێ ڕاگەیشتن

خۆ تێ هەڵقورتاندن

دەست لێ هەڵگرتن

بەڵام هەمیشە پێکەوەنووسین باشترە.

**گەردان یان دۆخی کار:**

لە دۆخی کار واتە گەردانکردندا، "پێ، تێ، لێ"، بەجیا دەنووسرێن:

دەستم پێ ڕادەگات. (دەستم بەو ڕادەگات.)، جیایە لەگەڵ "دەستم دەگات."، چونکە ئاماژەیە بە سێیەم کەسەوە (ئەو)، هەر بۆیە دەبێت بەجیا بنووسرێت.

خۆتی تێ هەڵمەقورتێنە. (خۆت مەخەرە ناو ئەوە). ئاماژەیە بە "کەس/شت"ی سێیەم. بۆیە دەبێت "تێ" بەجیا بنووسرێت.

دەستی لێ هەڵدەگرم (دەست لەو/لەوە هەڵدەگرم). جیایە لە "دەست هەڵدەگرم". ئاماژەیە بە "کەس/شت"ی سێیەم، هەر بۆیە دەبێت "لێ" بەجیا بنووسرێت.

کەوا بێت، "پێ، تێ، لێ" بەجیا دەنووسین. چونکە ئاماژە بە شت یان کەسی سێیەم دەکەن:

خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت. خۆیان تێ هەڵنەقورتاندبوو.

دەستی لێ هەڵدەگرم. دەستیان لێ هەڵمەگرن.

دەستم لێ هەڵگرتبوو. دەستتان لێ هەڵنەگرتبوو.

**پێشگرەکانی وەک "دا، ڕا، وەر":**

ئەمانە جیان لەگەڵ "پێ، تێ، لێ". ئەمانە ئاماژە بە کەسی سێیەم ناکەن، هەر بۆیە جیایان ناکەینەوە:

ئەو هەموو ڕۆژێک ڕاهێنان دەکات.

ئێدیسۆن کارەبای داهێنا.

ئەو پارە وەردەگرێت. تۆ پارە وەردەگریت. ئەوان پارە وەرناگرن. (لێرەدا جێناوە لکاوەکان ئاماژە بە کەسەکان دەکەن نەک پێشگرەکە.)

ئەوان مووچەیان وەرنەگرتبوو.

**گرنگ:**

**ئاوڕێکی خێرا لە چاوگی لێکدراوی چەندبەشی:**

١. یەکبەشی: **خستن**

٢. دووبەشی: پێکەوە دەنووسرێن: **کارکردن، پێوتن، تێخستن، لێدان**

٣. سێبەشی: **دەست** + **پێ** + **کردن**، پێکەوە دەنووسرێن: **دەستپێکردن**

٤. چواربەشی: **پشت** + **لێ** + **هەڵ** + **کردن**، بە دوو جۆر دەنووسرێت:

**پشتلێهەڵکردن (پشت لێ هەڵکردن)**

٥. چاوگی لێکدراوی ئاڵۆزی تر: پێکەوە دەنووسرێن، بەڵام ئەگەر چاوگەکە درێژ بوو، بۆمان هەیە ئەگەر وشەی یەکەم بە **پیتەلکاو** کۆتاییی هاتبێت، جیای بکەینەوە:

**دەستلەکارکێشانەوە (دەست لەکارکێشانەوە)**

**کۆڵەهەرمێبارکردن (کۆڵەهەرمێ بارکردن)**

**پیتەنەلکاوەکان (ا.د.ر.ڕ.ز.ژ.ە.و.وو.ۆ):**

کاتێک پیتەنەلکاو بن، زۆر ئاسانترە کە وشە لێکدراوەکان پێکەوە بنووسرێن و جوانیش دێنە بەرچاو. بۆ نموونە:

"ە" پیتەنەلکاوە، دەکرێت وشەکە پێکەوە بنووسین:

تەماتەسوورکردنەوە

٢٠

**"پێ، تێ، لێ" لە گەردانداا سەربەخۆن**

ئەم پێشگرانە بەجیا دەنووسرێن، چونکە کورتکراوەن.

**پێ:** پێشگری "پێ" ئاماژەیە بە کەسی سێیەم کە بەرکارە:

"بە ئەو" بڵێ = (بەو) بڵێ = (پێی) بڵێ.

"بە ئەو" کورت بووەتەوە و بووە بە "بەو"، ئەویش کورت بووەتەوە و بووە بە "پێی".

"بە ئەو" = (بەو) = (پێی)

کەوا بێت "پێی" واتە "بە ئەو، بەو" لە ڕاستیدا سەربەخۆیە و کورتکراوەیە و ئاماژە بە بەرکار دەکات. بۆیە گرنگە بەجیا بنووسرێت. ئەمە جیاوازە لە پێشگری بێواتای وەک: دا، ڕا، هەڵ

لە زمانەکانی دیکەشدا ئەگەر چاوی لێ بکەین بەڕوونی دیارە کە ئەوە جیایە:

نامەکەم پێ دا. نامەکەم بەو دا.

فارسی: نامە را بە او دادم. نامە را بهش دادم.

I gave him the letter.

***

پارەم پێ نەما. پارە بە من نەما. نەک: پارەم پێنەما.

***

**تێ:** "تێ"ش هەر بە هەمان شێوەیە، هەر بۆیە بە شێوەی سەربەخۆ دەینووسین:

نامەکەی تێ خست. نامەکەی خستە ناو ئەوە. نامەکەی خستە ناوی. نەک: نامەکەی تێخست.

He threw the letter into it.

***

**لێ:** ئەمیش ئاماژە بە کەسی سێیەم دەکات:

دەستی لێ دا. دەستی لە ئەو دا. دەستی لەو دا.

فارسی: بە او دست زد. بهش دست زد.

He touched her.

دەستی لێ دا.

نەک: دەستی لێدا.

وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە، ئەو سێ ئامرازە ئاماژە بە کەسی سێیەم دەکەن، هەر لەبەر ئەوە گرنگە کە لە کاتی گەردانکردندا بەجیا بنووسرێن.

دەستی تێ وەردە. دەستی تێ وەردا. دەستی لێ هەڵگرە. دەستی لێ هەڵمەگرە.

دانی پێدا دەنێت. دانی پێدا نا.

سەری لێ دەشێوێنێت. سەری لێ شێواند. پێی دەڵێم. پێی دەڵێیت. پێم وت. پێت وت.

لێم سەند. لێت سەند.

خۆی تێ هەڵقورتاند. دەستی لێ وەشاند.

***

**تێبینی:**

دەبێت وریا بین کە کاتێک وشە ئەرکی **ناو** دەبینێت پێکەوە دەنووسرێت، بەڵام کاتێک ئەرکی **کاری گەردانکراو** دەبینێت بەشی دووەمەکەی جیا دەبێتەوە:

ئەوان لەسەر **ڕێککەوتن،** زۆر قسەیان کرد و ئاخری پێکەوە **ڕێک کەوتن**.

**ڕێککەوتن** ناوە، بەڵام "**ڕێک کەوتن.**" کاری گەردانکراوە. واتە: ئەوان ڕێک کەوتن. ڕێنووسیان دەبێت جیاواز بێت.

ئەوان گرووپێکیان پێک هێنا. نەک: پێکهێنا.

**٢١**

## چاوگی لێکدراو لەگەڵ پێشگری وەک "بە"، "لە"

لە دۆخی چاوگدا پێکەوە دەنووسرێن:

بەفیڕۆدان، لەدایکبوون

**دۆخی کار:**

وەک یاسای گەردانکردن (لە دۆخی کاردا) بەشی کۆتاییەکەی واتە کارەکەی، بەجیا دەنووسین و پێشگرەکان لێ ناکەینەوە، چونکە ئەوانە بوون بە بەشێک لە چاوگەکە و بەبێ ئەوە وشەکە واتا نادات (لەدایکبوون، نەک: دایکبوون)

بەفیڕۆ دەدرێت. بەفیڕۆ نادرێت. بەفیڕۆم نەداوە. بەفیڕۆتان داوە.

لەدایک دەبم، لەدایک دەبیت، لەدایک بووە، لەدایک نەبووە.

**٢٢**

**وشەی نافەرهەنگی**

تێکڕا، وشەی لێکدراو و داڕێژراو، کە بوون بە وشەی فەرهەنگی، هەموو کەرتەکانیان پێکەوە بنووسرێن.

هەروەها دەبێت هەمان ڕێسا بۆ وشەی نافەرهەنگییش ڕەچاو بکەین، بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە چاومان بە وشەی لێکدراوی لەو چەشنە ڕابێت. نموونەی وا لە هۆنراوەکانی نالیدا زۆرن:

**ملعەلەم، مەیموونقەدەم، ئاهووشکەم، کلکئێستر، قەمچینەچێژ، شیرینقەلەم، سمخڕ، ئارەقنەڕێژ، پاڵانیبەزێن، گوێکورت، گوێدرێژ**

**٢٣**

**نیشانەکانی بەردەوامبوون و ئەمر و نەرێکردن**

ئەم فۆنیم و نیشانانە دەلکێن بە وشەکانەوە:

دەڕۆیشت، نەدەڕۆیشت.

دەمبرد، نەمدەبرد.

هەڵبگرە. هەڵمەگرە. هەڵنەگری، هەڵنەفڕی.

دابخە، دامەخە.

**٢٤**

**"نە"ی ڕەتکردنەوە**

"نە"ی ڕەتکردنەوە بەجیا دەنووسرێت:

نە دێم نە دەڕۆم.

نە ئێوە نە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت.

**٢٥**

**کێشەی "د"**

"د"ی سەرەکیی ئەو وشانەی بە "د" کۆتاییان هاتووە، لە کاتی هاتنی "دا" کە پاشبەندە، نابێت بقرتێنرێت:

لەبن بەرددا، نەک: بەردا

لەناو هەردا، نەک: هەردا
لە هەندێک ناوچەدا دەنگی "د" بە شێوەیەکی نزیک لە "و" یان "ی" بێژە دەکرێت، ئەوە تەنیا بێژەکردنێکی ناوچەییە و لە زمانی ئەدەبیدا بێگومان دەنگی "د" ڕێک وەک خۆی دەبێت بێژە بکرێت.
ئەحمەد، نەک: ئەحمەو
قادر، نەک: قایر

**٢٦**

**پێشبەند (preposition)**

**پێناسە:** پێشبەند وشەیەکە کە پەیوەندیی نێوان دوو وشە یان دوو بەشی ڕستە دەردەخات.

**ئەرک:** پێشبەند بۆ دیاریکردنی کات، شوێن، ئاراستە، یان پەیوەندیی نێوان شتەکان لە ڕستەدا، یارمەتی دەدات.

**جۆرەکانی پێشبەند:**

١. **سادە:** بە، لە، بۆ، تا، لای
٢. **لێکدراو:** لەگەڵ، لەسەر، لەژێر، لەناو
٣. **کاتی:** پێش، دوای، لەکاتی
٤. **شوێنی:** لەنزیک، لەدوور، بەرەو

پێشبەندەکان بە وشەی پێش و پاش خۆیانەوە نالکێنرێن.

**پێشبەندی سادە:**

ئەو بە فڕۆکە بۆ کوردستان سەفەر دەکات.
کاروان لە کەرکووک لەدایک بووە.
تا وانەکە فێر نەبوو، وازی نەهێنا.
من بێ تۆ ناژیم.

**پێشبەندی لێکدراو:**

پێنووسەکە لەسەر مێزەکەیە.

کتێبەکە لەژێر ڕۆژنامەکەیە.
منداڵەکە لەتەنیشت دارەکە وەستاوە.
تارا لەپاڵ دیوارەکە چاوەڕێ دەکات.
کۆرپەکە لەناو بێشکەکەیە.
ڤیان لەگەڵ ئەوین بۆ خوێندنگە چوو.
من بەبێ تۆ ناژیم.

***

**ڕوونکردنەوە:**
پێشبەندی لێکدراو لە دوو بەش پێک هاتووە. هیچ کامیان بەتەنیایی ناتوانن هەرگیز بەبێ یەکتر ئەرکی پێشبەندەکە تەواو بکەن، بۆیە بۆ تەواوکردنی ئەرکی پێشبەندەکە، پێویستیان بە یەکترە. کەوا بێت گرنگە پێکەوە بنووسرێن.
لەگەڵ، لەپاڵ

***

**گۆڕانی واتا بە گۆڕینی پێشبەند:**
- ئەو لە ماڵ دەرچوو. (جێهێشتن)
- ئەو بۆ ماڵ دەرچوو. (گەڕانەوە)

**جیاوازیی نێوان پێشبەند و پێشگر:**
- **پێشبەند:** وشەیەکی سەربەخۆیە کە پەیوەندیی نێوان وشەکان دەردەخات.
بە هێز (بە یارمەتیی هێز، بە پاڵپشتیی هێز)
- **پێشگر:** بەشێکە لە وشە و بۆ دروستکردنی واتایەکی نوێ لە سەرەتای وشەدا دێت.
بەهێز (زۆردار، کەسێک کە هێزی هەیە)

**٢٧**

**پاشبەند**

پاشبەند کە جاروبار "پاشگر"یشیان پێ وتراوە، هەر ئامرازن وەک "ە، ەوە، دا، ێ، ڕا" و دەلکێنرێن بەدوای وشەوە، هەر بۆیە "پاشبەندی لکاو"یشیان پێ دەوترێت، وەک:

لێرەدا

دەچمە سلێمانی.

لە کەرکووکـەوە هاتووم.

ئەو لە خۆشیـدا نازانێت چی بکات.

لە ماڵدا ئەوم بینی. نەک: لە ماڵ دا ئەوم بینی.

ئەو لە ماڵدایە. نەک: ئەو لە ماڵ دایە.

لە ئامێدیرا بە پێیان هات.

لە چوارچراوە هاتوون.

بە ماڵەوە ڕۆیشتووین.

**جێگۆڕکێی پێشبەند بۆ پاشبەند**

جاری وایە پێشبەندی سەربەخۆ، بە شێوەی پاشبەندی لکاو دەردەکەوێت. وەک:

**پێشبەند (بۆ):** من بۆ سلێمانی دەچم.

**پاشبەند (ە):** من دەچمە سلێمانی.

کتێبەکەت بە هێرۆ دا.

کتێبەکەت دایە هێرۆ.

هێناومانە بۆ ئێرە.

هێناومانەتە ئێرە.

ڕۆیشت بۆ مەهاباد.

ڕۆیشتە مەهاباد.

**دەوربەند، لابەند (circumposition):**

ئەگەر تێبینیی ئەو پاشبەندانەی سەرەوەتان کردبێت دەبینن لەپێش ناوەکانەوە پێشبەندی "لە" نووسراوە. وەک:

لە ماڵدا

لە کەرکووکەوە

هەر کاتێک پێشبەندێک و پاشبەندێک پێکەوە بکەونە ئەملا و ئەولای وشەیەکەوە، ئەوە پێی دەوترێت: **دەوربەند، لابەند (circumposition)**

لەم دۆخانەدا پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسرێن و پاشبەندەکان دەلکێن بە وشەکانی پێش خۆیانەوە، وەکوو:

لە کوردستانـدا

لە کرماشانـەوە

لە کوێـوە

لە تارانــێ

لە کوێـڕا

بە ئاسمانــەوە

**تێبینی:** جاران بەم پاشبەندانە دەوترا "پاشگر"، ئێستا پێیان دەوترێت "پاشبەند". ئەگەر لە شوێنێکدا وشەی پاشگرتان بینی، پێتان سەیر نەبێت.

**٢٨**

**ئامرازی لێکدەر**

ئامرازی لێکدەر بەجیا دەنووسرێن:

من و تۆ، نەک: من‌وتۆ، منوتۆ

هەوڵ بدە تا بگەیتە ئامانج. نەک: هەوڵ بدە تابگەیتە ئامانج.

یا بڕۆ یا دانیشە. نەک: یابڕۆ یادانیشە.

**٢٩**

**کێشەی "بێ"، وەک پێشگر و "بێ" بەبێ"**

**"بێ" وەک پێشگر:**

هەر کاتێک خاوەندارێتی لە وشەکە وەربگیرێتەوە و "بێ" بەکار بهێنرێت، ئەوە دەلکێنرێت بە وشەکەی پاش خۆیەوە و پێکەوە دەنووسرێت:

کوڕێکی بێکەس، نەک: کوڕێکی بێ کەس.

بێخانوو، بێباوک، بێپارە، نەک: بێ خانوو، بێ باوک، بێ پارە

بێتۆیی دەمکوژێت.

**"بێ" وەک پێشبەند:**

لەم دۆخەدا "بێ" بە واتای "بەبێ"یە و ئەرکی پێشبەندێکی سەربەخۆ دەبینێت.
بێ تۆ ناچم. واتە: بەبێ تۆ ناچم.
بێ ئازادی ژیان ئەستەمە. واتە: بەبێ ئازادی ژیان ئەستەمە.

**٣٠**

**هاوەڵکاری چۆنیەتی**

"هاوەڵکاری چۆنیەتی" کە پێشگر دەگرێت پێکەوە دەنووسرێن:
بەهێواشی، بەهێمنی، بەئەسپایی، بەپەلە
نەک: بە هێواشی، بە هێمنی، بە ئەسپایی، بە پەلە
چونکە ئەوانە پێشگرن و دەبنە بەشێک لە وشەکە. وشەکە بەبێ ئەو پێشگرە واتاکەی لەدەست دەدات. ناتوانیت بڵێیت: ئەو جوانی دەدوێت، بەڵکوو: ئەو بەجوانی دەدوێت.
هەر بۆیە، وەک پێشگر چاوی لێ دەکرێت و پێشگریش هەمیشە دەلکێت بە وشەی پێش خۆیەوە:
ئەو بەجوانی دەدوێت.
"بە" پێشگرە، "بەجوانی" هاوەڵکاری چۆنیەتییە. پێشگر و وشەکە پێکەوە دەنووسرێن: بەجوانی
سارا بەهێواشی دەنووسێت.
**چۆن دەنووسێت؟**
- بەهێواشی (slowly)

**تێبینی:** لەناو گرنگترین هاوەڵکارەکاندا، هاوەڵکاری چۆنیەتی هەمیشە پێکەوە دەنووسرێن: **بەهێواشی**
هەروەها ئەگەر هاوەڵکاری کاتی، هاوەڵناوی نیشانەی "ئەم"ی بچێتە سەر، پێکەوە دەنووسرێن: **ئەمشەو**

1. هاوەڵکاری کاتی: سبەی دەچم بۆ مەهاباد.
2. هاوەڵکاری کاتی: ئەمشەو دەچم بۆ میوانی. ”ئەم + شەو”
3. هاوەڵکاری شوێنی: لە قوتابخانەدا وانە دەخوێنم.
4. هاوەڵکاری چۆنیەتی: ئەو بەهێواشی دەدوێت. slowly
5. هاوەڵکاری چەندیەتی: ئەو زۆر دێت و دەچێت.
6. هاوەڵکاری ڕێکخستن: باڵندەکان پۆل پۆل فڕین.

**٣١**

**ئامرازەکانی "تر، ترین" و وشەی "تر = دیکە"**

ئامرازەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا (**تر، ترین**) دەلکێن بە وشەی پێش خۆیانەوە:

جوان، جوانتر، جوانترین

بەڵام وشەی "تر = دیکە" ئامراز نییە و وشەیەکە، بەجیا دەنووسرێت:

ڕۆژێکی تر (ڕۆژێکی دیکە)

کەسێکی تر (کەسێکی دیکە)

**٣٢**

**ئامرازی "ش"**

ئامرازی "ش" وشە کەرت ناکات. وەک: بشتەوێ ناتدەمێ.

نەشخۆی، نەشهات، نەشمانگرت، بشمانبەن

**٣٣**

**وشەی بێگانە**

وشەی بێگانە ئەگەر زۆر تایبەتی بوو بە ڕێنووسی زمانەکەی خۆیەوە دەخرێتە ناو کەوانەوە، نموونە:

لە زمانی کوردیدا بە (فتحە، ضمە و کسرە) دەوترێت: سەرە، بۆرە و ژێرە

ئەگینا لە باری ئاساییدا هەر وشەیەکی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی دەنووسین:

ئەڵڵا، قەڵەم، سورەیا، ڤیکتۆر، بەغداد.

**سوان**

هەر لە کۆنەوە هەندێک دەنگ لە زمانی کوردیدا سواون، وەک: "ئـ":

گوڵئاو، بووە بە گوڵاو

ئینشائەڵڵا، بووە بە ئینشاڵڵا

گوڵئەندام بووە بە گوڵەندام:

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت

عیلاجێ! چارەیێ! ڕوحمێ! ئەمان دەستم بە دامانت

"وەفایی"

**نیشانەی (تشدید)ی عەرەبی**

(تشدید)ی عەرەبی بە دووپاتبوونەوە دەنووسرێت:

موحەممەد، نەججارٟ، بەننا

جاری وایە لە زمانی کوردیدا یەکێک لە پیتەکان دەسوێن:

موحەمەد، محەمەد، نەجارٟ

**٣٤**

**کێشەی "دە، ئە"**

هەم لە کرمانجی و هەم لە ئەدەبیات و وێژەی کۆنی کوردیی ناوەڕاستدا هەمیشە "دە" بەکار هێنراوە:

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم

من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم

"نالی"

باشترە لە زمانی ئەدەبیدا شێوەی کۆنی "دە" بپارێزین.

**تێبینی:**

لە کوردیی خواروو (کەلهوڕی)دا، "دە" یان "ئە" بەکار ناهێنرێن:

چم (دەچم). خوەم (دەخۆم). قسە کەم (قسە دەکەم).

داگرم (دادەگرم). هەڵگرم (هەڵدەگرم).

گەنمەکە هەڵگرم. (گەنمەکە هەڵدەگرم.)

**٣٥**

**نیومەودا (semi-space)**

زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوییە. پڕە لە پێکهاتەی جۆربەجۆر. هەر لە کۆنەوە شێوە جۆربەجۆرەکانی دیاری کراون و جێ کەوتوون. زمانەوانانی شارەزا و لیژنەی جۆربەجۆر لەسەریان ڕێک کەوتوون:

وشەی سادە: "باران"

وشەی لێکدراو: ڕەشماڵ، سەهۆڵفرۆش، مریشکەڕەشە
داڕێژراو بە پێشگر: "داهێنان، بەهێز"، بە پاشگر: "خواردنەوە"
بە پێشگر و پاشگر: "بەجوانی"
بە پێشبەند: "لە کوردستان" و بە پاشبەند: "لێرەدا"
بە پێشبەند و پاشبەند، پێکەوە: "لە کوردستاندا"
پێشبەندی سادە: بە، بۆ، لە، تا
پێشبەندی لێکدراو: لەگەڵ، لەسەر، لەژێر

چاوگی لێکدراو و داڕێژراویش بە شێوەی تایبەت بە خۆیان گەردان دەکرێن، بەبێ ئەوەی پێویست بە نیومەودا هەبێت.
ڕێنووسی هەموو ئەمانە هەر لە کۆنەوە دیاری کراون، یاسای خۆیان هەیە، یان دەلکێنرێن بە یەکترەوە یان بەجیا دەنووسرێن. هەموویان لەم نامیلکەیەدا لە شوێنی خۆیاندا ڕوون کراونەتەوە. ئەم ڕێبازە لە کۆنەوە بەکار هێنراوە و دەقی گرتووە.
هەر بۆیە پێویست ناکات بە نیومەودا هەموو ئەو یاسا و ڕێسا ڕێنووسییە دەقگرتووە کۆنانە تێک بدرێت و سەرلەنوێ شێوازێکی دیکە دابهێنرێت. شێوازێک کە کەس نازانێت سنوورەکەی کامەیە و کێ بڕیار بدات چی بکەوێتە بەر نیومەوداوە. هەروەها بەتایبەت ئەگەر شێوازەکە لەگەڵ زانستی سەردەمدا، واتە ئایتی، کێشەی هەبێت و بەربەست بۆ پرۆگرام و پرۆگرامداڕێژەران چێ بکات.
پسپۆڕانی کورد لە بەشی ئایتیدا، هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە نیومەودا بەکار نەهێنرێت، وەک یەکێک لە شارەزایانی ئایتی دەڵێت: نیومەودا کێشە بۆ مەکینەکانی گەڕان "گووگڵ"، بەرهەمهێنانی خۆکاری دەق "چەت جی.پی.تی"، پێواژۆی زمان و تایپ و هتد دروست دەکات.

**بڕیاری گرووپە ئایتییە کوردییەکان لەسەر نیومەودا:**
بەکارنەهێنانی جیاکەرەوە (U+200C).
لابردنی جیاکەرەوە بە (Zero Width Non-Joiner) ناسراوە، کە لەنێوان وشە و هەندێک لە پیتەکاندا بۆ جوانکاری بەکار هێنراوە.
***
کەوا بێت نیومەودا بەکار ناهێنین. لە باتیی ئەوەی بە نیومەودا بنووسین "سەهۆڵ‌فرۆش"، وەک جاران بەبێ نیومەودا دەنووسین: **سەهۆڵفرۆش**

**٣٦**

**کێشەی گۆڕانی "وو" بۆ "ۆ"**

نموونەی وەک "خانۆکەم کرێ، جوانۆکەم ئاو دا."

لادانێکی گەورەیە لە ڕێنووس و تێکدانی پێکهاتەی وشەی سەرەکییە. هەر دەبێت بنووسرێت:

خانووەکەم کرێ. جوانووەکەم ئاو دا.

**٣٧**

**یەک، ییێک**

لە زمانی کوردیدا دەکرێت بە دوو شێوە ناوێک بژمێریت. نموونە:

یەک پیاو، پیاوێک.

هەندێ کەس کاتێک وشەکە بە بزوێن کۆتاییی هاتووە، کەڵک لە "ییێک" وەردەگرن. واتە لە باتیی ئەوەی بۆ نموونە بنووسن: سویدی + یەک = سویدییەک، دەنووسن:

سویدی + ییێک = سویدییێک.

بۆ نووسینی "ییێک" پاش ئەو وشانەی کە بە بزوێن کۆتاییان دێت، باشترە کەڵک لە "یەک" وەربگرین، چونکە ئاسانترە لە دوو پیتی "یێ"، هەروەها کەمتر "ی" دووپات دەبێتەوە:

**گرمەیەک**، نەک: گرمەییێک

**شنۆییەک**، نەک: شنۆییێک

**مەهابادییەک**، نەک: مەهابادییێک

**٣٨**

## کێشەی جێناوی لکاوی تاک و کۆ

لە کاتی نووسینی جێناوی لکاودا نابێت پیتی "ی" لەبیر بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە زۆر گرنگە مرۆڤ ئاگاداری خشتەی جێناوە لکاوەکان بێت:

| کۆمەڵە | | تاک | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| **کۆمەڵەی ١** | قەد + | م / ت / ی | مان / تان / یان | ڕابردووی تێپەڕ |
| **کۆمەڵەی ٢** | قەد + | م / یت / ـ | ین / ن / ن | ڕابردووی تێنەپەڕ |
| **کۆمەڵەی ٣** | دە + ڕەگ + | م / یت / ات، ێت | ین / ن / ن | ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ |
| **کۆمەڵەی ٤** | ب + ڕەگ + | ـ / ە / ـ | ـ / ن / ـ | داخوازی |

کاری تێپەڕ: کۆمەڵەی یەکەم: "م، ت، ی ـ مان، تان، یان"

**کڕین**: قەد (کڕیـ) + جێناو

تاک: کڕیم، کڕیت، کڕیی، نەک: کڕی

کۆ: کڕیمان، کڕیتان، کڕییان، نەک: کڕیان

کاری تێنەپەڕ: کۆمەڵەی دووەم: "م، یت، X ـ ین، ن، ن"

**فڕین**: قەد (فڕیـ) + جێناو

تاک: فڕیم، فڕییت، فڕی

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین

### کاری ئاوارتە و جێناو

هەندێک چاوگ هەن کە لە دۆخی کاردا گەردانیان لەگەڵ جێناوەکاندا ئاسایی نین و ئاوارتەن. هەر جۆرێک بکەین هەر لە یاساکان لادەدەن. وەک:

ژیان، گریان، شیان و هتد.

ژیان، تێنەپەڕە

**ڕانەبردوو**: بەپێی کۆمەڵەی ٣ گەردان دەکرێت:

**تاک:** "دە + ڕەگ + م / یت / ات، ێت": "دە + ژی + جێناوی لکاو":

دەژیم، دەژییت، "سێیەم کەس": دەژییێت، دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نابێت بێن، بۆیە یان هیچی پێ زیاد ناکەین "دەژی"، یان بزوێنێکی دەقرتێنین: دەژێت.

واتە:

**تاک:** دە + ڕەگ + "م / یت / ات، ێت":

ژیان: دەژیم، دەژییت، سێیەم کەس: دەژی/دەژێت.
بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت: "ێ" کار دەکاتە سەر بزوێنی درێژی "ی î" و دەبێتە نەبزوێنی "ی y" و دەنووسین: دەژییێت.
**کۆ:** دە + ڕەگ + "ین / ن / ن":
دەژیین، دەژین، دەژین

**ڕابردوو**، کۆمەڵەی ۲: "قەد + جێناوی لکاو":
**ژیا + "م، یت، -، ین، ن، ن":**
تاک: ژیام، ژیایت، ژیا
کۆ: ژیاین، ژیان، ژیان.

**ئەمر یا داخوازی** بەپێی کۆمەڵەی ٤:
تاک: ب + ڕەگ + "ـ / ە / ـ".
تاک: بژی + ە دەبێتە "بژیە"، دوو بزوێن پێکەوە نایەن، کەوا بێت جێناوەکەی پێ زیاد ناکەین و هەر وەک خۆی دەیهێڵینەوە: ب + ژی، واتە:
تاک: بژی
کۆ: لە دۆخی کۆدا هیچ کێشەیەکیان نییە و بەپێی یاساکە گەردان دەکرێن:
کۆ: ب + ڕەگ + "ـ / ن / ـ".
کۆ: بژین

***

**گریان**
ڕانەبردوو، بەپێی کۆمەڵەی ۳:
دە + ڕەگ + "م / یت / ات، ێت":
داخوازی/ئەمر:
تاک: ب + ڕەگ + "ـ / ە / ـ": چونکە "گری" خۆی بە بزوێن کۆتاییی هاتووە لەگەڵ جێناوی "ە" نایەنووسین، چونکە دوو بزوێن پێکەوە نایەن: "بگریە"، بەڵکوو وەک خۆی دەمێنێتەوە: بگری
تاک: بگری
کۆ: ب + ڕەگ + "ـ / ن / ـ". لە دۆخی کۆدا هیچ کێشەی نییە و گەردان دەکرێت:
کۆ: بگرین
ڕابردوو:

**گریان**، تێنەپەڕە، بەپێی کۆمەڵەی دووەم: "م، یت، x - ین، ن، ن"
گریام، گریایت، گریا.
گریاین، گریان، گریان.
***
شیان: ڕەگەکەی "شێ"یە. لە دۆخی ڕانەبردوو:
"دە + ڕەگ + م / یت / ات، ێت": "دە + دەشێ + جێناوی لکاو":
دەشێم، دەشێیت، دەشێت.
ڕابردوو: شیام، شیایت، شیا. شیاین، شیان، شیان.
داخوازی: بشێ
***
**دەرەنجام:**
کاری چاوگی وەک **ژیان، گریان، شیان** و هتد لە دۆخی ڕانەبردوو و داخوازیدا نائاسایین، لە دۆخەکانی تردا ئاسایین:
شیان: ڕەگەکەی "شێ"یە. لە دۆخی ڕانەبردوو:
"دە + ڕەگ + م / یت / ات، ێت": "دە + دەشێ + جێناوی لکاو":
دەشێم، دەشێیت، سێیەم کەس: دەشێ + ێت = دەشێێت. دوو بزوێن پێکەوە نایەن، کەوا بێت یەکێکیان نانووسین: دەشێت. واتە:
شیان: دەشێم، دەشێیت، دەشێت.
***
هەروەها کاتێک وشەی پێش لە جێناو، بە "ی" کۆتاییی هاتبێت، نابێت "ی"ی جێناو لەبیر بکرێت، نموونەی تر:
چیم وت؟ چیت وت؟ چیی وت؟
چیمان وت؟ چیتان وت؟ چییان وت؟
کۆتاییم هات. کۆتاییت هات. کۆتاییی هات.
کۆتاییمان هات. کۆتاییتان هات. کۆتاییان هات.
حەناییی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان.

**٣٩**

**کێشەی تێکەڵکردنی ڤ، ف، و**

لە زمانی کوردیدا پیتی ڤ (v)مان هەیە، دەبێت ئەو ناوانەی لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا (v)یان تێدایە وەک خۆی بە "ڤ" بیاننووسین:

ڤیکتۆر هۆگۆ، نەک: فیکتور هۆگۆ، ویکتۆر هۆگۆ

ڤیدیۆ، نەک: ویدیۆ

ڤۆڵڤۆ، نەک: ولو

ئەرشیڤ، ئارشیڤ، نەک: ئەرشیف، ئارشیو

ئیڤا، نەک: ئیوا

**٤٠**

**ڕۆژانی هەفتە:**

ڕۆژانی هەفتە کە لە دوو وشە پێک هاتوون، پێکەوە دەنووسرێن، نەک بەجیا:

یەکشەممە، نەک: یەک شەممە

دووشەممە، نەک: دوو شەممە

بەڵام ئەگەر مەبەستمان یەکێک لە ڕۆژەکانی هەفتە بێت ئەوە بەجیا دەینووسین:

من تەنیا یەک هەینیی تر دێم بۆماڵتان. (تەنیا هەینییەکی تر)

من تەنیا یەک شەممەی تر دێم بۆ ماڵتان. (تەنیا شەممەیەکی تر)

من تەنیا یەک دووشەممەی تر دێم بۆ ماڵتان. (تەنیا دووشەممەیەکی تر)

**دارمیوەکان:**

ناوی دارمیوەکان لەگەڵ وشەی "دار" پێکەوە دەنووسین، چونکە وشەی لێکدراون:

دارهەنار، نەک: دار هەنار، دارمۆز نەک: دار مۆز

دارگوێز، نەک: دار گوێز، دارمێو، نەک: دار مێو

گەڵامێو، نەک: گەڵا مێو.

**"بە پێی" و "بەپێی":**

بەجیا: بە پێی خۆی چوو بۆ لای دوکتۆر.

پێکەوە: بەپێی بڕیارەکە جێبەجێی بکە.

٤١

**ناوبەندی "و"**

**هەموو + ان: هەمووان: هەموان: هەمووان:**

لە وشەی هەمووان (hemûan)دا، دوو بزوێنی درێژی (ووا = ûa) کەوتوونەتە لای یەک، بەپێی یاسا و ڕێسای ڕێنووسی کوردی دوو بزوێن ناکرێت بەدوای یەکتردا بنووسرێن. بزوێنی درێژی (ا = a) کار دەکاتە سەر بزوێنی درێژی (وو = û) و دەیگۆڕێت بۆ بزوێنی کورتی (و = u) و دەبێتە (هەموان = hemuan). بەڵام وەک دەبینن، هێشتاش دوو بزوێنی (وا = ua) پێکەوە نووسراون. بۆیە دەبێت پیتێکی نەبزوێن (و = w) کە ئەرکی ناوبەند دەبینێت بخەینە نێوانیان تا بزوێنەکان لێک جیا بنەوە:

هەمووان

hemûwan

کەوا بێت لە وشەی "هەمووان"دا وەک لە لاتینییەکەشدا جوان دیارە، هیچ بزوێنێک بەدوای یەکتردا نەهاتووە.

***

**ناوبەندی درێژ "وو" یان کورت "و"؟**

هەندێک وشەی لێکدراو بە ناوبەندی وەک "و" پێکەوە دەلکێنرێن، وەک:

هێلکەوڕون، مشتومڕ، هاتوچۆ، دەستوبرد. کاتێک کە ناوبەندەکە پاش بزوێن بێت، دەنگەکەی کورتە و کاتێکیش پاش نەبزوێن بێت، دەنگەکەی درێژە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناوبەندمان هەر بە یەک "و" دیاری کردووە، هەر بە یەک "و" دەیاننووسین: "هاتوچۆ" پێویست ناکات لە دۆخی لێکدراودا بنووسین "هاتووچۆ"، هەرچەندە کە نووسینیشی بە هیچ شێوەیەک هەڵە نییە.

***

"وا" مامەڵەی وشەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت:

پێم وا نییە. پێم وا بوو. وا نەبوو. وا دیارە.

لە دۆخی ڕانەبردوودا، چونکە "ە" بەتەنیا نانووسرێت، بە ناوبەندی "یـ" دێنە تەنیشت یەکترەوە: وایە

**٤٢**

**کێشەی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە**

وەک پێشتریش لە بەشی ناوی لێکدراودا ڕوون کراوەتەوە، وشەی لێکدراو کە بە ناوبەندی "ە" پێکەوە لێک دەدرێن، پێکەوە دەنووسرێن. وەک:

گوڵەگەنم، مانگەشەو

بەڵام نابێت ئەو بزوێنی "ە"یە لەگەڵ بزوێنی "ە"ی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە تێکەڵ بکرێت.

**ئامرازی دانەپاڵی "ە":**

ئەم ئامرازی دانەپاڵە، دەلکێت بە کۆتاییی وشەی یەکەمەوە، بەڵام بۆشاییی دەبێت لەگەڵ وشەی دووەمەوە، نموونە:

شەوە گەرمەکە، نەک: شەوەگەرەمەکە

بەفرە زۆرەکە، نەک: بەفرەزۆرەکە

کچە جوانەکە، نەک: کچەجوانەکە

منداڵە بزێوە جوانە چاوشینەکە، نەک: منداڵەبزێوەجوانەچاوشینەکە

ئەم هاوەڵناوانە لەگەڵ وشەی یەکەمدا، وشەی لێکدراو دروست ناکەن، تا پێویست بکات پێکەوە بنووسرێن. ئەگەر بێت و هەموویان پێکەوە بنووسرێن، وشەکان پێکەوە زۆر دوورودرێژ دەبنەوە.

**دەرەنجام:**

**"ە"،** ناو لەگەڵ هاوەڵناو (بەجیا): ڕۆژە خۆشە گەرمەکە

**"ە"،** ناو لەگەڵ ناو (پێکەوە): ناوەندەدەمارەکۆئەندام

**٤٣**

**چەند بڕیارێکی نوێیی ئایتی لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا**

**تێبینی:**

لە کۆبوونەوەیەکی سەرهێڵی ئایتیدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٠٦/٢٢ بڕیار درا کە نیومەودا هەرگیز بەکار نەهێنرێت، چونکە لە کاتی نووسینیدا سیستەمە ئایتییەکان تێک دەدات.

لێرەدا بەشێک لەو بڕیارانە دەخرێنە بەردەست:

## ڕێسا و چەسپاندنی ڕێنووسی زمانی کوردی

بۆ دروستکردنی هەڵەچن (spell checker)ـێک بۆ زمانی کوردی، وشەدانێک لە وشە ڕاست و دروستەکان و گەردانکردنی وشەکان و کردارەکان پێویستن. کلیلی سەرکەوتنی کاری هەڵەچنەکە ئەوەیە کە ئەرکەکانی لەسەر ڕێنووسێکی یەکگرتوو جێبەجێ بکرێن.

لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئەکادیمیای کوردی لە نامیلکەی ڕاسپاردەکانی زمانی کوردیدا دایڕشتووە و بەڕێز **دیاکۆ هاشمی** بە نموونە و شیکاری لێکی داونەتەوە و باسی کردوون کاری هەڵەچنەکە ساز دەکرێت.

لەو گرفتانەی کە پێویستن چار بکرێن و نەمێنن، چ لە نووسراوە ئەلیکترۆنییەکان و چ لەسەر هەندێک تەختەکلیل بریتین لە:

**١. بەکارنەهێنانی جیاکەرەوە "U+200C".**

لابردنی جیاکەرەوە بە (Zero Width Non-Joiner) ناسراوە، کە لەنێوان وشە و هەندێک لە پیتەکاندا بۆ جوانکاری بەکار هێنراوە.

**٢. بەکارنەهێنانی تەقەڵ یان داش لەنێوان دوو وشەدا.**

پێویستە کە وشە لێکدراوەکان وەکوو خۆیان بنووسرێنەوە، ئەگەر وشەکە درێژ بوو، ئەوا بە بۆشایی بچووک بکرێنەوە.

**٣. پیتی کورتکراوە لاتینییەکان/کوردییەکان بە خاڵ جیا بکرێنەوە**

زۆرێک لە کورتکراوەکان وەکوو "پدف PDF" یان "پدک: پارتی دیموکراتی کوردستان" پێویستە یەک شێوەی یەکگرتوو بۆ نووسینەوەیان بەکار ببرێت، ئەویش دانانی خاڵە لەنێوانی پیتەکاندا.

پ.د.ف

پ.د.ک

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە سەروشەکان ئەگەر لاتینی بوون بە کاپیتاڵ بنووسرێن: "**PDF**"، ئەگەر بە ئەلفبێی کوردی بنووسرێن ئەوە خاڵ بکەوێتە نێوانیان: "**پ.د.ف**"، "**پ.د.ک**".

**٥. هەندێک تێبینیی گشتی**

1. هەوڵ بدرێت ئەو تەختەکلیلانەی کە کراونەتە بنەڕەت برەویان پێ بدرێت و ئەو بڕیارەی حکوومەت زیندوو بکرێتەوە لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکوومەتدا.
2. هەموو ئەوانەی کە کاری وەرگێڕان دەکەن، پێویستە پابەند بن بە بەکارهێنانی یەک تەختەکلیل.
3. هەموو کۆدەکان و پیتە کوردییەکان، تەختەکلیلی کوردی و شێوەکانی لەسەر عەرەبی و ئینگلیزی نێردراون بۆ گووگڵ، سامسۆنگ، ئەپڵ، هواوی و مایکرۆسۆفت. ئەگەر هەر شوێنێکی تر کە ئەو کۆدانە بەکار ناهێنێت ئاگادار بکرێتەوە و نەخشەی پیت و کۆدەکانی پێ بدرێت.
4. وشیارکردنەوەی خەڵکی بۆ بەکارهێنانی تەختەکلیلێکی یەکگرتوو، بۆ نووسین بە ڕاست و دروستی و لەپێناو نەهێشتنی هەڵەی ڕێنووس.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو خاڵانە کرتە بکە سەر ئەم بەستەرە:

وتووێژێکی سەرهێڵ لەسەر زمانی کوردی و تەکنۆلۆژیا

**٤٤**

**جیاوازیی نێوان "پێشگر/پاشگر" و "پێشبەند/پاشبەند"**

پێشگر و پاشگر دەلکێن بە وشەوە:

بێکەسی، بێماڵی

پێشبەند نالکێت بە وشەوە، بەڵام پاشبەند دەلکێت بە وشەوە:

بە فڕۆکە، لە ماڵدا، لە پۆلدا، بە ئاسمانەوە




**٤٥**

**نووسینی بکەرنادیار**

**١. پێناسە**

بکەرنادیار (یان کرداری نادیار) ئەو شێوازەیە لە ڕستەدا کە تیایدا بکەری کردارەکە نادیارە یان گرنگیی پێ نادرێت. لەم جۆرە ڕستانەدا، جەخت لەسەر کردارەکە یان بەرکارەکە دەکرێتەوە، نەک بکەرەکە.

**٢ .نموونەی بەراوردکاری**

-ڕستەی بکەردیار: "مامۆستاکە وانەکەی وتەوە".

-ڕستەی بکەرنادیار: "وانەکە وترایەوە".

**چاوگی تێپەڕ:**

"دە" + "ڕەگی چاوگ" + "رێ" = بکەرنادیار

دە + خوێن + رێ = دەخوێنرێ.

دە + نووس + رێ = دەنووسرێ.

دەبینرێ. دەفرۆشرێ. دەوترێ.

***

باشتریشە کە فۆنیمی "ت"یان پێ زیاد بکەین:

دەخوێنرێت. دەنووسرێت. دەوترێت.

**٤٦**

**دەستەواژە یان ڕستەی بێکردار**

هەندێک دەستەواژە هەن کە لەبەر ئاسانی، کارەکانیان بەکار ناهێنرێن. وەک:

شەو شاد.

ئەمە لە بنەڕەتدا بەم جۆرە بووە:

هیوادرم شەوت شاد بێت.

دواتر سادە کراوەتەوە بۆ: شەوت شاد بێت.

دیسانەوە کورت کراوەتەوە بۆ: شەوت شاد

ئەویش کورت بووەتەوە بۆ: شەو شاد

ئەمانە کە کورت بوونەتەوە نابێت وەک وشەیەکی لێکدراو پێکەوە بنووسرێن، چونکە ئەمانە لە ڕاستیدا بەشێک لە ڕستەن کە بۆ ئاسانکاری و خێرایی کورت بوونەتەوە. ئەمانە وشەی لێکدراو نین تا پێکەوە بنووسرێن. ئەمانە پاشماوەی ڕستەیەکن کە بەش بەش نووسراون. کەوا بێت ئێستاش دەبێت بەجیا بنووسرێن، واتە بەم جۆرە:

شەو شاد.

ڕۆژ باش.

بەیانی باش.

نەورۆز پیرۆز.

خەو خۆش.

ئێوارە باش.

ساڵی نوێ پیرۆز.
بەڵام کاتێک ئەرکی وشەیەکی لێکدراو ببینن ئەوە پێکەوە دەنووسرێن:
شەوشادیم لێ کرد.
بە لادەمەوە بەیانیباشێکی پێ وتم.
زۆر زوو شەوشادیم لێ کرد.
بە دەنگی بەرز ڕۆژباشیی پێ وت.

**٤٧**

**هەڵەی باو**

هەندێک وشە هەن بەهەڵە بڵاو بوونەتەوە. باشترە هەوڵ بدەین دروستەکانیان بەکار بهێنین:

**توانا،** خۆی ناوی کارایە پێویست ناکات بڵێین بەتوانا.
ئەو کابرایەکی توانایە. نەک: ئەو کابرایەکی بەتوانایە.
وەک: زانا، ئەو کابرایەکی زانایە. کەس ناڵێت ئەو کابرایەکی بەزانایە.
***
**سەرپەرشت،** خۆی ناوی کارایە، پێویست بە پاشگر ناکات و پێویست ناکات بنووسین: سەرپەرشتیار
***
هەندێک وشە هەن کە لە زمانی کوردیدا پیتمان بۆی هەیە کەچی هەندێک کەس بەپێی پیت و ڕێنووسی زمانی بێگانە بەکاری دەهێنن. دەبێت ئەوانە ڕاست بکەینەوە.
بۆ نموونە:
لە جیاتیی "ئەرشیف/ آرشیو" دەبێت بنووسرێت: **(ئەرشیف) یان (ئارشیف)**
**هەروەها:**
بانق (**بانک**)، صین (**چین**)، یابان (**ژاپۆن**)، غوستاف (**گوستاف**)،
مارغاریتا (**مارگاریتا**)، غابرییل غارسیا (**گابریەل گارسیا**)، غاندی (**گاندی**)،
شارلی شاپلین (**چارلی چاپلین**)

**بەرامبەر یان بەرانبەر؟**
لە زمانەوانیدا بەشێکی تایبەت هەیە بە ناوی مۆرفۆلۆژی کە بەشێکی ئەو زانستە لە کەرەسە لکێنەرەکان، پێشگر، پاشگر و هتد دەکۆڵێتەوە.
ناوبەند (interfix) کەرەسەیەکی لکێنەرە کە دەتوانێت دوو مۆرفیم پێکەوە بلکێنێت و وشەیەکی نوێ ساز بکات. چەند ناوبەندێکی کوردی بریتین لە:

١. "بە": گوڵ بە دەم = گوڵبەدەم
٢. "ەو": شار ەو شار = شارەوشار
٣. "ە": گوڵ ە باخ = گوڵەباخ
٤. "و": لەرز و تا = لەرزوتا
٥. "او": ڕەنگ او ڕەنگ = ڕەنگاوڕەنگ
٦. "ان": سەر ان سەر = سەرانسەر
لێو ان لێو = لێوانلێو،
شەق ان شەق = شەقانشەق
وەک مەسعوود محەمەد دەڵێت: قەت نەمانبیستووە بوترێت "سەرامسەر"، بەڵکوو وتراوە "سەرانسەر"، کەوا بێت بەپێی ئەوانە و بەپێی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، "بەر ان بەر = بەرانبەر" دروستە و نەک "بەر ام بەر = بەرامبەر"، بۆیە دەبێت لە بەکارهێنانی وشەی "بەرامبەر" واز بهێنین و لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆژیی کوردی کەڵک لە ناوبەندی ...ان... وەربگرین و بڵێین: بەرانبەر

**٤٨**
**تایپۆلۆجیی کوردی**
هەندێک دەستەواژەی کوردی هەن کە لەسەر دارشتنی زمانی بێگانە داڕێژراون. دەبێت ئەوانە ڕاست بکرێنەوە. نموونە:
١. زانکۆی پزیشکیی هەولێر، نەک: زانکۆی هەولێری پزیشکی
٢. قوتابخانەی نموونەییی هەولێر، نەک: قوتابخانەی هەولێری نموونەیی
٣. قوتابخانەی بنەڕەتیی تێکەڵاوی زەڵم، نەک: قوتابخانەی زەڵمی بنەڕەتی تێکەڵاو
٤. کۆمپیوتەرفرۆشیی سۆران، نەک: شوێنی سۆران بۆ فرۆشتنی کۆمپیوتەر
٥. گوڵفرۆشیی هانا، نەک: شوێنی هانا بۆ فرۆشتنی گوڵ

## ٤٩

## یش/ش

### یش/ش = هەروەها

لە زمانی کوردیدا زۆر جار بەرانبەر بە "هەروەها" فۆنیمی "یش" دەنووسرێت. وەک:

هەروەها هەولێرم بینیوە. = هەولێریشم بینیوە.
سبەینێ ئەویش دێت.
ڕۆژێک کوردستانیش ڕزگار دەبێت.
وەرگێڕانی گووگڵیش کەوتە بەردەست.

### یش = ش

ئەو وشانەی کە بە بزوێنی "ا، ە، ۆ، وو، ێ" تەواو دەبن، دەکرێت بە دوو شێوە بگوترێن:
ئاڵایش = ئاڵاش:
ئاڵایش هەڵکرا. ئاڵاش هەڵکرا.

پاوەیش = پاوەش:
پاوەیشم بینیوە. پاوەشم بینیوە.

شنۆیش = شنۆش:
شنۆیشم بینیوە. شنۆشم بینیوە.

توویش = تووش:
توویشم خواردووە، تووشم خواردووە.

هەرمێش = هەرمێیش:
هەرمێیش خۆشە. هەرمێش خۆشە.

***

**بزوێنی "ی" + یش:**

ئەو وشانەی کە بە بزوێنی درێژی "ی" کۆتاییان دێت، دەبێت بە "یش" بنووسرێن ئەگینا لە ڕووی واتاوە ئاڵۆزی دروست دەکەن:

"سلێمانی" + یش: سلێمانییش شارێکی گەورەیە. (سلێمانی شارە.)

"سلێمان" + یش: سلێمانیش پیاوێکی باشە. (سلێمان مرۆڤە.)

"سویدی" + یش: سویدییش لە ئەمریکا دەژین. (خەڵکی سوید)

"سوید" + یش: سویدیش ساردە. (وڵاتی سوید)

**کەوا بێت:**

نادروست: لە زانکۆی سلێمانیش پشوو ڕاگەیەنرا.

دروست: لە زانکۆی سلێمانییش پشوو ڕاگەیەنرا.

***

نادروست: لە سلێمانیش بەفری زۆر باریوە.

دروست: لە سلێمانییش بەفری زۆر باریوە.

***

**یی + ش**

ئەو وشانەی کە بە "یی" تەواو دەبن هەر "ش" دەگرن:

پاوەیی + ش

پاوەییش دەناسم.

پەمەییش ڕەنگێکی جوانە.

**تێبینی:**

بۆ ئەوەی هیچ دوودڵییەک دروست نەبێت، لە هەموو دۆخێکدا دەکرێت لە "یش" کەڵک وەربگیرێت، چ وشەکە بە بزوێن کۆتایی هاتبێت، چ بە نەبزوێن: هەولێریش، ئاڵایش، پاوەیش، پاوەییش، هەرمێییش، سلێمانییش.

**٥٠**

## پرسیار و وەڵامی چەندپاتەی فێرخوازان

| | بەم جۆرە | | نەک بەم جۆرە: |
|---|---|---|---|
| 1. | خۆراوا | نەک: | خۆرئاوا |
| 2. | دەست خۆش! | نەک: | دەستخۆش! |
| 3. | مەحوی | نەک: | مەحویی |
| 4. | هەردووکمان | نەک: | هەر دووکمان |
| 5. | بەسەر چاو | نەک: | بەسەرچاو |
| 6. | پێم وایە<br>پێم وا نییە، پێم وا بوو. | نەک: | پێموایە |
| 7. | بەرانبەر | نەک: | بەرامبەر |
| 8. | وا دەزانم، وام زانی | نەک: | وادەزانم، وامزانی |
| 9. | شەو شاد! | نەک: | شەوشاد! |
| 10. | کشتوکاڵ | نەک: | کشت و کاڵ |
| 11. | چوونەژوورەوە "ورود" | نەک: | چوونە ژوورەوە "ورود" |
| 12. | ئەوان چوونە ژوورەوە. | نەک: | ئەوان چوونەژوورەوە. |
| 13. | لە ماڵدایە | نەک: | لە ماڵ دایە |
| 14. | لانی کەم، لانی زۆر | نەک: | لانیکەم، لانیزۆر |
| 15. | مشتومڕ | نەک: | مشت و مڕ |
| 16. | دام نا، هەڵم گرت | نەک: | دامنا، هەڵمگرت |
| 17. | دەخوێنرێت | نەک: | دەخوێندرێت |
| 18. | جوانتر "پلەی بەراورد" | نەک: | جوان تر "پلەی بەراورد" |
| 19. | پیاوێکی تر "پیاوێکی دیکە" | نەک: | پیاوێکیتر "پیاوێکی دیکە" |
| 20. | لەدایکبوونت پیرۆز | نەک: | لە دایکبوونت پیرۆز |
| 21. | تەمەندرێژ بیت. | نەک: | تەمەن درێژ بیت. |
| 22. | ڕۆژی جیهانیی کرێکاران | نەک: | ڕۆژی جیهانی کرێکاران |
| 23. | بەخێر هاتی. | نەک: | بەخێرهاتی. |
| 24. | بە پێی خۆی چوو. | نەک: | بەپێی خۆی چوو. |
| 25. | بەپێی بەرنامە، (طبق) | نەک: | بە پێی بەرنامە (طبق) |
| 26. | دڵناسک | نەک: | دڵ ناسک |
| 27. | نییە | نەک: | نیە، نیـیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .28 | ناوبەندی "و" کە وشەی لێکدراو دروست دەکات، بە شێوەی "و" دەنووسین، نەک "وو":<br>هاتوچۆ، دەستوبرد، مشتومڕ | نەک: | هات و چۆ، هاتووچۆ |
| .29 | پێشبەندی لێکدراو پێکەوە دەنووسرێن، چونکە بەتەنیا واتاکە ناگەیەنن:<br>لەگەڵ، لەسەر، لەژێر، لەلای، لەتەنیشت، لەکن، لەپاڵ.<br>لەسەر مێزەکە.<br>لەپاڵ دارەکە. | نەک: | لە گەڵ، لە سەر، لە ژێر، لە لای، لە تەنیشت، لە کن، لە پاڵ |
| .30 | ڕۆیشتبێت، کردبێت، هاتبێت | نەک: | ڕۆیشت بێت، کرد بێت، هات بێت |
| .31 | هەموو جارێک | نەک: | هەمووجارێک |

## پاشەکی

لەم دنیا پێشکەوتووەی دیجیتاڵییەدا، هەموو نووسینێک لەسەر بنەمای "0" و "1" و بەکۆدکردنە، ڕێنووسی یەکدەست بۆ تۆمارکردن و بەدواداگەڕانیان زۆر پێویستە. دەتوانن بکرێنە بنەمای کاری گەورەتر بۆ داهاتوو.

ئەم ڕێنووسە هەوڵێکە بۆ لێکنزیککردنەوەی هەموو دەقەکان، زمان بەردەوام دەگۆڕدرێت، با ئێمەش بەردەوام خۆمان نووژەن بکەینەوە.

## ژێدەر

بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە کەڵک لە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆربەجۆر وەرگیراوە، وەک:


1. ڕاوبۆچوون و بەرهەمەکانی مامۆستا فەرهاد شاکەلی.
2. ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب.
3. هەوڵۆچکەیەکی تری، بەرەو ڕاستە ڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی.
4. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی.
5. ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، پیتۆکەکانی زمانەوانی، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
6. فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، غازی عەلی خورشید.
7. بەرکۆڵێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، جەمال عەبدول.
8. کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردە.
9. بەرهەمە زمانەوانییەکانم، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف.
10. فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا.
11. پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، کەمال جەلال غەریب.
12. ڕێزمانی کوردی، سێ بەرگ، ئاسۆ گەرمیانی.
13. ڤەژین وەک سەرچاوەیەکی سەرهێڵی دەوڵەمەند بۆ ئەدەب و وشەی کوردی.
14. بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر نەریمان خۆشناو
15. کتێبی ڕێنووسی زمانی سویدی بە زمانی سویدی لەلایەن لێژنەی زمانی سویدی:
16. Svenska skrivrelger, utgiven av: svenska språknämnden.
17. Artificial intelligence (AI)

# خاڵبەندی

# Punctuation

**نووسین و ئامادەکردن:**

**دیاکۆ هاشمی**

وەشانی نوێ:

٢٠٢٤/٠٨/٣٠

## خاڵبەندی

**ناوەڕۆک:**

پێشەکی
1. خاڵ (.)
2. جووتخاڵ (:)
3. بۆر (،)
4. خاڵبۆر (؛)
5. نیشانەی پرس (؟)
6. نیشانەی سەرسوڕمان (!)
7. جووتەکەوانەی بچووک " "
8. جووتەکەوانەی گەورە ()
9. هێڵ یان تەقەڵ (-)
10. سێخاڵ (...)
11. بۆشایی
12. هێڵی لار (/) و پیتی (ر)

## پێشەکی

خاڵبەندی ئەو نیشانانەن کە لە پێوەندیی نووسراویدا خوێندنەوەی ڕستەکان بێهەڵە و ئاسان دەکەن، کورت و درێژی و شوێنی گت و وچان لە ڕستەدا دەستنیشان دەکەن. وا دەکەن کە ڕستەکان بە شێوەی پرسیاری، سەرسوڕمان یان دەربڕینێکی سادە هەست پێ بکرێن.

بەشێکی زۆری ڕێساکانی خاڵبەندی نێونەتەوەیین و یاساکانیان چونیەک و گشتگیرن. بەشێکیان لە ئەلفبێیەکەوە بۆ ئەلفبێیەکی تر، بواری بەکارهێنانیان دەگۆڕدرێت. نیشانەکانی خاڵبەندی لە ڕووی سینتاکس و واتاوە دەق دابەش دەکەن.

هەر دەقێک کە خاڵبەندی تێیدا ڕەچاو نەکرابێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر سەری لێ بشێوێت و لە نووسراوەکە بەهەڵە تێ بگات. چاو لەم ڕستەیە بکەن کە چۆن بە جێگۆڕکێی بۆر (،)، بەتەواوەتی واتای ڕستەکە دەگۆڕێت:

**بەزەیی، پێویست نییە بیگرن.**

**بەزەیی پێویست نییە، بیگرن!**

هەر بۆیە زۆر گرنگە لە خاڵبەندیدا وردبین بین. لێرە هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەرکەکانی نیشانەکانی خاڵبەندی بخەینە بەرچاو.

### ١. خاڵ (.)

خاڵ (.)، لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

**١. بۆ کۆتاییپێهێنانی ئەو ڕستانەی کە وتە یان دەربڕینێک پێک دەهێنن، نموونە:**

نەورۆز یەکەم مانگی کوردییە.

دوێنێ نامەکەم نووسی.

**تێبینی:**

خاڵ پاش نیشانەجیاکەرەوەکانی تری وەک نیشانەی پرسیار و نیشانەی بانگکردن دانانرێت:

نامەکەت نووسی؟ هەڵە: نامەکەت نووسی؟.

نامەکە بنووسە! هەڵە: نامەکە بنووسە!.

**٢. لەدوای یەکەم یان یەکەم و دووەم پیتی ناوێک کە پێش ناوهێنانی پاشـــناوەکەی بکەوێت، وەک:**

ع. شەرەفکەندی

م. م. بەدرخان

**٣. بۆ کورتکردنەوەی هەندێک نازناو و پیشـە و ڕێکەوت، دوای یەکەم یان دووەم پیت دادەنرێت. وەک:**

پێغەمبەر (د. خ.)

پ. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (پرۆفیسۆر)

د. سۆران (دوکتۆر)

مادەکان ٧٠٠ ساڵ پ. ز. (پێش زایین) سەریان هەڵدا.

**٤. لە کاتی کورتکردنەوەی هەندێک ناو کە لە چەند وشە پێک هاتوون:**

ی. ن. ک. (یەکێتیی نووسەرانی کورد)

**تێبینی:** ئەگەر ئەو پیتانە کەوتنە کۆتاییی ڕستەوە ئیتر بۆ کۆتاییپێهێنانی ڕستەکە خاڵی دیکە دانانرێت:

ئەو بوو بە ئەندامی ی. ن. ک.

واتە: ئەو بوو بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

**٥. لەدوای سـەردێڕی سـەرەوەی دەقێک، تەنانەت ئەگەریش سـەردێڕەکە ڕستەیەکی تەواو بێت، خاڵ دانانرێت. نموونە:**

**خۆر بەشێک لە گەلەستێرەیە**

خۆر ئەسـتێرەیەکی گەورە و مەزنە. ٨ هەسـارە بە دەوری خۆردا دەسـووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت: "کۆمەڵەی خۆری". کۆمەڵەی خۆری، بەشـــێکی زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەســـتێرەی دیکە کە پێیان دەوترێت: "گەلەستێرە" (کاکێشان). بۆشاییی ئاسمان پڕە لە گەلەستێرە. وا دەخەمڵێنرێت کە نزیکەی ٢ بیلیۆن (٢٠٠٠ میلیارد) گەلەستێرە لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.

بەڵام ئەگەر سـەردێڕەکە بوو بە بەشـێک لە دەقەکە، ئەو کاتە لە کۆتاییی ڕسـتەکەدا خاڵ دادەنرێت.

**خۆر بەشـێک لە گەلەسـتێرەیە.** خۆر ئەسـتێرەیەکی گەورە و مەزنە. ٨ هەسـارە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت: "کۆمەڵەی خۆری".
کۆمەڵەی خۆری، بەشـێکی زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەسـتێرەی دیکە کە پێیان دەوترێت: "گەلەستێرە" (کاکێشان). بۆشاییی ئاسمان پڕە لە گەلەستێرە. وا دەخەملێنرێت کە نزیکەی ٢ بیلیۆن (٢٠٠٠ میلیارد) گەلەستێرە لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.

**تێبینی:** بەڵام ئەگەر سـەردێڕەکە لە چەند ڕسـتە پێک هاتبێت، ئەوا لە کۆتاییی ڕستەکاندا خاڵ دادەنرێت بەڵام لە دواڕستەی سەردێڕدا خاڵ دانانرێت:

**خۆر بەشێک لە کۆمەڵەی خۆرییە. کۆمەڵەی خۆری بەشێک لە کاکێشانە**
خۆر ئەستێرەیەکی گەورە و مەزنە. ٨ هەسارە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت: "کۆمەڵەی خۆری".
کۆمەڵەی خۆری، بەشـێکی زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەسـتێرەی دیکە کە پێیان دەوترێت: "گەلەستێرە" (کاکێشان). بۆشاییی ئاسمان پڕە لە گەلەستێرە. وا دەخەملێنرێت کە نزیکەی ٢ بیلیۆن (٢٠٠٠ میلیارد) گەلەستێرە لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.

**٦. هەندێک جاریش لە جیاتیی نیشـانەی سـەرسـوڕمان، لەدوای ئەو ڕسـتانەدا دادەنرێت کە داواکارییان تێدایە، وەکوو:**
وەڵامەکانتان بەراورد بکەن.

**٧. ئەوڕۆکە کاتێک لە پرۆگرامێکی وەک (وۆرد Word)دا بتەوێت دێڕەکانت بە ژمارە دیاری بکەیت، خۆی خۆکار، پاش ژمارەکان خاڵ دادەنێت، وەک ئەو خاڵانەی کە لەدوای ژمارەکانی خوارەوەدا دانراون:**

1. مرۆڤ بۆی هەیە بیروڕای خۆی دەرببڕێت.
2. هەموو مرۆڤەکان لە بەها و مافدا، ئازاد و یەکسان لەدایک دەبن.
3. هەمووان لە کۆمەڵگەدا مافی یەکسانیان هەیە.

سەرنج: "خاڵ" (.) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و لەگەڵ وشەی پاش خۆیدا بۆشاییی هەبێت.

**نیشانەی خاڵ لەناو کەوان یان لە دەرەوەی کەوان؟**

هەر کاتێک نووسراوەیەک بکەوێتە ناو کەوانێکەوە، ئەگەر نووسراوەکە ڕستەیەکی تەواو بێت و کۆتاییی پێ هاتبێت ئەوە نیشانەی خاڵیش دەکەوێتە ناو کەوانەکەوە، ئەگینا دەکەوێتە دەرەوەی کەوانەکەوە.

ئاسۆ وتی: (من خەڵکی کوردستانم.)

لەسەر ئەو تابلۆیە نووسراوە: (کوردستان نیشتمانی جوان). لەم نموونەیەدا نووسراوەی ناو کەوانەکە ڕستەیەکی تەواو نییە و کار نابینرێت. هەر بۆیە خاڵ لەوێ دانانرێت و دەخرێتە دەرەوەی کەوانەکە.

**٨. ڕێکەوت بە شێوەی جۆربەجۆر دەنووسرێت، ستانداردەکەی بۆ نموونە ئەمەیە:**

١٩٤٦/٠١/٢٢

٢٢ی خاکەلێوەی ١٩٤٦

کۆماری کوردستان لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/٠١/٢٢ لە شاری مەهاباد ڕاگەیەنرا.

**٢. جووتخاڵ (:)**

جووتخاڵ کە "دووخاڵ"یشی پێ دەوترێت لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

**١. لەپێش ئاخاوتنێکەوە کە وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، یان بگوترێت، وەک:**

ئاسۆ وتی: "من خەڵکی کوردستانم."

**تێبینی:** وەک دەبینن ئەو ڕستەیەی سەرەوە کەوتووەتە ناو نیشانەی دەقێگێڕانەوە، واتە "..."ەوە. چونکە ڕستەکە سەربەخۆیە و کۆتاییی پێ هێنراوە، هەر لەبەر ئەوە نیشانەی خاڵ (.) دەخرێتە ناو نیشانەکەوە.

**٢. دوای وشە یان باسێک کە پێویستی بە ڕاڤە و لێکدانەوە بێت، وەک:**

میرنشـــینە کوردییەکان بریتی بوون لە: ئەردەڵان، ســـۆران، بادینان، بابان، هەکاری و بۆتان.

**٣. پێش هێنانـەوەی نموونـە، لەبری: "بۆ وێنـە، وەکوو، بۆ نموونـە ..."، لـەم دۆخـەدا دەتوانرێت تەقەڵێکیش دوای دووخاڵەکە دابنرێت، وەکوو:**

ئاسـمانی ئەدەبی کوردی پڕە لە ئەسـتێرەی درەوشـاوە:- نالی، مەحوی، گۆران، هێمن و هتد.

**٤. زۆر جار لەنێوان کاتەکانی کاتژمێرێکدا هێمای جووتخاڵ بەکار دەهێنرێت، وەک:**

**١٢:٢٧:١٢**

( کاتژمێر ١٢ و ٢٧ خولەک و ١٢ چرکە)

تێبینی: چونکە نووسـراوەی ناو کەوانەکەی سـەرەوە ڕسـتەیەکی تەواو نییە، هەر لەبەر ئەوە نیشانەی خاڵ لەناو کەوانەکە دانانرێت.

سەرنج: جووتخاڵ دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و لەگەڵ وشەی دوایدا بۆشاییی هەبێت.

**چۆنیەتیی نووسینی ساتی کات لە کاتژمێرێکدا:**

ئێستا کە باسی کاتژمێر هاتە پێشەوە، باشە ئاماژە بە شتێکی گرنگ بکەین.

لە هەندێ وڵاتدا کاتی شـەووڕۆژێک دابەش دەکەنە سـەر ١٢ کاتژمێر و بۆ دەربڕینی هەر کاتێک وشـەی بەیانی، نیوەڕۆ، پاشـنیوەڕۆ، ئێوارە، شـەو و هتد بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە دەوترێت: کاتژمێر ٨ی بەیانی یان ٢ی دوانیوەڕۆ.

لە هەندێ وڵاتیشـــدا بە فەرمی کاتەکە دابەش دەکرێتە ســـەر ٢٤ کاتژمێر (کاژێر) و ئیتر ئەو وشانە بەدوایدا پێویست ناکات بنووسرێن بۆ نموونە:

کاتژمێر ١١ یان کاتژمێر ٢٣. مرۆڤ ئیتر دەزانێت لە ٢٤ کاتژمێردا بەس یەک کاتژمێری ١١ی بەیانییە و یەک کاتژمێری ١١ی شـەوە. بەو جۆرە دەربڕینە دەکرێت لە کۆڵی وشـەکان ببینەوە.

واته باشـتره بۆ کاتژمێری بۆ نموونە ٨ی بەیانی تەنیا بڵێین کاتژمێر ٨ و بۆ کاتژمێر ٨ی شەو تەنیا بڵێین کاتژمێر ٢٠.

### ٣. بۆر (،)

بۆر نیشـانەی پشـوویەکی کورتە، لەو شـوێنە دادەنرێت کە وا لە ڕسـتەکە بکات ئاسـان بخوێنرێتەوە، ڕوون بێت و بەباشـی تێ بگەیەنرێت. بۆر، چارەسـەرێکی باشـە بۆ ڕسـتەی دوورودرێژی پشووبڕ.

**بۆر (،) لەم شوێنانە دادەنرێت:**

**١. لەدوای ناوی بانگکراوەوە، وەک:**

کچینە، هەوڵ بدەن، بە هەوڵدان دەگەنە ئامانج.

**٢. لەنێوان جێگر و جێلێگیراودا، وەک:**

مەستوورەی کوردستانی، هۆنەر و مێژوونووس، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیا.

**٣. لەو شوێنانەی کە ژماردن و دووپاتبوونەوەی تێدایە، وەک:**

خوێ، ڕۆن، پیاز و برنج هەموو ئەو شتانەن کە پێویستن.

**٤. بۆ جیاکردنەوەی وشەی سەرسوڕمان و وشەی بانگلێکراو لە ڕستەدا، وەک:**

ئۆف، چ هەوایەک!

ئاخ، کوردستانەکەم!

**٥. بۆ دابڕینی زنجیرەوشەیەک لە یەکتر کە دوو دوو و پێکەوە بەکار هێنرابن، وەک:**

پێشمەرگە بە برسیەتی و تینوویەتی، بە هیلاکی و ماندوویەتی، کۆڵی لێ نادات.

**٦. لەدوای گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر، قسەیەکی کۆنی خۆی بگێڕێتەوە، وەک:**

خۆم وتم، "چێکردنی ماڵپەڕ زۆر ئەستەم نییە."

**٧. لەپێش ئامرازی لێکدەری (وە، یا، یان)ەوە، بە مەرجێک نەکەوتبێتە سەرەتای ڕستەوە، وەک:**

١. یا نامەکە بنووسە، یان پەڕتووکەکە بخوێنەرەوە.

٢. نە تۆ هاتبوویت بۆ کۆبوونەوەکە، وە نە ئاراسی هاوڕێت.

هەرچەند لە کوردیدا نموونەی دووەم (وە لە ناوەڕاستدا) بەو جۆرە زۆر باو نییە و بەکار ناهێنرێت و تایبەتە بە زمانەکانی تر و لە کوردیدا زیاتر بەم شێوەیە دەگوترێت:

نە تۆ هاتبوویت بۆ کۆبوونەوەکە و نە ئاراسی هاوڕێت.

**٨. لەدوای وشەی (بەڵێ، نە و نەخێر)ەوە، وەک:**

بەڵێ، نامەکەم نارد.

نە، لەو کاتەدا ناتوانم بەشدار بم.

**٩. لە باتیی فرمانێک بۆ ئەوەی دووپات نەبێتەوە، وەک:**

من دەچم بۆ سلێمانی و ئەویش، بۆ هەولێر.

**١٠. لە ڕستەی لێکدراودا، دەتوانرێت لەبری ئامرازی لێکدەری (و) بەکار بهێنرێت، وەک:**

شنۆ ویستی بچێت بۆ شایی، جلی لەبەر کرد، خۆیی ڕازاندەوە، تەلەفۆنی لە هاوڕێکانی کرد، یەکیان گرت، خۆیانیان گەیاندە شاییەکە.

**١١. دەتوانرێت لەبری (کە)ی لێکدەر لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت، وەک:**

پێم خۆشە، پێکەوە بچین بۆ سینەما.

سوپاست لێ دەکەم، سەرت لێ دام.

**سەرنج: بۆر (،) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە و لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا بۆشاییی هەبێت.**

### ٤. خاڵبۆر (؛)

خاڵبۆر (؛) یەکێکە لە نیشـــانەکانی خاڵبەندی، بۆ وچانگرتنێکی درێژتر لە بۆری ســـادە، بەکار دەهێنرێت. زۆر جار، لەو ڕســـتانەی کە زۆر لێک نزیکن لە باتیی خاڵ دادەنرێت. دەتوانین خاڵبۆر لە دۆخی جۆربەجۆردا بەکار بهێنین، وەک:

**١. بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕستەی سەربەخۆ کە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە:**

بۆ نموونە: "ئەمڕۆ هەوا زۆر گەرمە؛ باشترە لە ماڵەوە بمێنینەوە."

**٢. بۆ جیاکردنەوەی بەشـــەکانی لیســـتێک بەکار دێت، کاتێک کە هەر بەشـــێک خۆی نیشانەی بۆری (،) تێدایە.**

بۆ نموونە: "لە گەشـــتەکەمدا ســـەردانی ئەم شـــارانەم کرد: پاریس، فەرەنســـا؛ ڕۆما، ئیتاڵیا؛ بەرلین، ئەڵمانیا."

"لە گەشـتەکەمدا سـەردانی ئەم شـوێنانەم کرد: هەولێر، پایتەختی هەرێم؛ سـلێمانی، شاری ڕۆشنبیری؛ دهۆک، دەروازەی کوردستان."

لێرەدا، خاڵبۆر (؛) بەکار هاتووە، چونکە هەر بەشێکی لیستەکە خۆی بۆر (،)ی تێدایە.

ئەگەر بۆر (،) لەناو بەشەکاندا نەبوایە، ئەوا دەکرا تەنیا بۆر (،) بەکار بهێنرێت، وەک:

"لە گەشتەکەمدا سەردانی هەولێر، سلێمانی، دهۆکم کرد."

**٣. پێش وشەکانی وەک "بەڵام"، "هەروەها"، "لەگەڵ ئەوەشدا" کاتێک دوو ڕستەی سەربەخۆ پێکەوە دەبەستنەوە:**

بۆ نموونە: "زۆر ماندووم؛ بەڵام دەبێت ئەم کارە تەواو بکەم."

**٤. بۆ ڕوونکردنەوە یان پێدانی زانیاریی زیاتر لەسەر بابەتێک:**

بۆ نموونە: "کوردستان چەندین شاری گەورەی هەیە؛ هەولێر پایتەختی هەرێمە."

**٥. بۆ جیاکردنەوەی ڕســـتە درێژەکان کە پێکەوە پەیوەســـتن، بەتایبەتی کاتێک بۆر (،) بەکار هاتووە:**

بۆ نموونە: "لە کاتی گەشتەکەمدا بۆ کوردستان، زۆر شوێنی سەرنجڕاکێشم بینی، وەک قەڵای هەولێر و بازاڕی قەیسەری؛ هەروەها چەندین خواردنی خۆشی کوردیم تاقی کردەوە، وەک دۆڵمە و کەلانە."

**٦. بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ڕستەیەک کە خۆیان بۆریان تێدایە:**

بۆ نموونە: "لە کۆبوونەوەکەدا سێ کەس ئامادە بوون: ئازاد، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە؛ شیلان، سەرۆکی بەشی دارایی؛ و کارزان، ڕاوێژکاری یاسایی."

**٧. بۆ جیاکردنەوەی دوو کرداری سەرەکی لە ڕستەیەکدا:**

بۆ نموونە: "ئەو کتێبەکەی خوێندەوە؛ تێ گەیشت کە زۆر شتی نوێ فێر بووە."

**٨. لە نووسینی ئەکادیمی یان زانستیدا، بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ نموونە: "لەسەر ئەم بابەتە کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجام دراون (بڕوانە: کاروان، ٢٠١٨؛ شلێر، ٢٠٢٠؛ شنۆ، ٢٠٢٢)."

**٩. بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ناونیشانێک یان سەردێڕێک:**

بۆ نموونە: "کوردستان: مێژوو، کولتوور؛ داهاتوو"

**١٠. لە هەندێک حاڵەتدا، بۆ دروستکردنی وەستانێکی درێژتر لە بۆر بەڵام کەمتر لە خاڵ:**

بۆ نموونە: "ئێمە هەموو بەرپرسیارین بۆ پاراستنی ژینگە؛ هەر یەک لە ئێمە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی هەبێت."

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بەکارهێنانی خاڵبۆر هەندێک جار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوازی نووسین و هەڵبژاردنی نووسەر. هەروەها، لە هەندێک زمان و شێوازی نووسیندا، بەکارهێنانی خاڵبۆر دەگۆڕێت. بۆیە باشترە هەمیشە ڕێنماییەکانی زمانەوانی و ستایڵی نووسینی ستاندارد بۆ زمانی کوردی لەبەرچاو بگیرێت.

## ٥. نیشانەی پرس (؟)

نیشـانەی پرس بۆ نیشـاندانی کۆتاییی پرسـیارێک بە شـێوەی نووسـراو بەکار دێت. بۆ نموونە:

### ١. پرسیاری ڕاستەوخۆ:

لە کۆتاییی پرسیارێکی ڕاستەوخۆدا نیشانەی پرس بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "چۆنیت؟" یان "بابەتی دڵخوازت چییە؟"

ئایا ئەمڕۆ دەچیت بۆ قوتابخانە؟

### ٢. جۆرەکانی پرسیار:

- بۆ پرسیاری "بەڵێ/نەخێر": "ئایا تۆ کوردیت؟"
- بۆ پرسیاری کراوە: "بۆچی ئەم کتێبەت هەڵبژارد؟"

### ٣. لەناو کەوانەدا:

- بۆ دەربڕینی گومان یان نادڵنیایی: "ئەو لە ساڵی ١٩٨٥ (؟) لەدایک بووە."

### ٤. لە نووسینی دیالۆگدا:

ئازاد پرسیی:

- "تۆ کەی دەگەڕێیتەوە؟"

### ٥. پرسیارە ڕیتۆریکییەکان:

هەرچەندە ئەم پرسـیارانە چاوەڕوانی وەڵامی ڕاسـتەوخۆ ناکەن، بەڵام بۆ ئەوەی نیشـان بدرێت کە پرسیارە، هێشتا نیشانەی پرس بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "کێ بۆی گرنگە؟" یان "ئایا پێویستە ڕێگە بدەین ئەمە بەردەوام بێت؟"

### ٦. لە پرسیاری ناڕاستەوخۆ بەکار نایەت:

کاتێک پرسـیارێک بەشـێک بێت لە ڕسـتەیەکی تر، هیچ نیشـانەیەکی پرس بەکار ناهێنرێت.

نموونە: ئەو پرسیاری ئەوەی دەکرد کە کاتژمێر چەندە.

"پرســـیم کە ئایا ئەو دەیەوێت لەگەڵمان بێت." (نەک "پرســـیم کە ئایا ئەو دەیەوێت لەگەڵمان بێت؟")

**٧. لێدوانی سەرسوڕهێنەر:**
هەندێک جار نیشانەی پرس بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان یان نادڵنیایی بەکار دەهێنرێت.
نموونە: "بەڕاستی تۆ لەسەر خۆت ئەوەت کردووە؟"

**٨. لە زنجیرەپرسیاردا:**
ئەگەر چەند پرسیارێک بخەیتە لیستێکی پرسیارەوە، هەر پرسیارێک بەجیا، نیشانەی پرس وەردەگرێت:
نموونە: "کێ؟ چی؟ کەی؟ بۆچی؟"

**٩. لەگەڵ نیشانەکانی دیکەی خاڵبەندی:**
- دەکرێت لەگەڵ نیشانەی سەرسوڕمان بەکار بێت: "ئایا ئەوە ڕاستە؟!"

**١٠. لە ناونیشان و سەردێڕدا:**
وەک ناونیشانی وتارێک:
- "ئایا کورد دەوڵەتی خۆی دەبێت؟"

**١١. بۆ دەربڕینی دەنگ و ئاوازی پرسیار لە نووسیندا:**
- بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ڕستەیەک دەبێت بە دەنگی پرسیار بخوێنرێتەوە.

### ٦. نیشانەی سەرسوڕمان (!)
نیشــانەی ســەرســوڕمان بۆ دەربڕینی هەســتی بەهێز، ســەرســوڕمان، تووڕەیی یان بۆ پشتڕاستکردنەوەی لێدوانێک بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە:

**١. دەربڕینی خۆشی یان ورووژان:**
نموونە: چ ڕۆژێکی جوانە!
ئۆخەی! ئاڵای کورد هەڵکرا.

**٢. دەستنیشانکردنی سەرسوڕمان یان شۆک:**

نموونە: خەڵاتەکەی بردەوە!

ئای لەو مانگە! چ جوانە!

**٣. دەربڕینی تووڕەیی یان بێزاری:**

نموونە: بۆ وات کرد!

**٤. بۆ دروستکردنی سەرنج یان پشتڕاستکردنەوەی خاڵێک بەکار دێت:**

نموونە: دەبێت ئێستا پەرچدانەوەمان هەبێت!

**٥. کۆتاییی ڕستەی فەرمان یان داواکاری:**

نموونە: دەرگاکە دابخە!

**٦. لە دیالۆگدا بۆ نیشاندانی دەنگی بەرز یان چڕی:**

نموونە: "پێم وتیت لە دەرەوە بمێنەرەوە!"

**٧. خۆشحاڵی یان ئاهەنگگێڕان:**

نموونە: ئای! ئەوە لێرەیت!

ئێمە پاڵەوانێتیمان بەدەست هێناوە!

**٨. هاندان یان دنەدان:**

نموونە: دەتوانیت ئەم کارە بکەیت!

**٩. دەربڕینی ترس یان دڵەڕاوکێ:**

نموونە: ئاگرەکە بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە!

**١٠. بۆ دەقگێڕانەوە یان زمانی ئاخاوتن بۆ نیشاندانی هەستی بەهێز:**

نموونە: وتی: "بەڕاستی ئەم شارەم خۆش دەوێت!"

**١١. بۆ دۆزینەوەی کڕیار یان بانگەشە بۆ ڕاکێشانی سەرنج:**
نموونە: ئەمڕۆ ٥٠٪ی (لە سەدا پەنجای) داشکاندن بەدەست بهێنە!

**١٢. لە نووسیندا بۆ کۆتاییهێنان بە ڕستەیەک بە پشتڕاستکردنەوەیەکی بەهێزەوە:**
نموونە: باشترین نمایش بوو کە تا ئێستا بینیبێتم!

**١٣. بۆ دەربڕینی ورووژان یان بەشداریکردن:**
نموونە: چ خۆش بوو دوێنێ چاوم پێت کەوت!

**١٤. بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری یان خۆشی:**
نموونە: زۆر سوپاس!

لەبیرت بێت کە نیشانەی سەرسوڕمان بە کەمی بەکار بهێنیت، بەتایبەت لە نووسینی فەرمیدا.
بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دروست و لە چوارچێوەی دروستدا بەکار بهێنرێت، دەتوانێت بەهێز بێت.

### ٧. جووتەکەوانەی بچووک « »

جووتەکەوانەی بچووک « » کە کەوانەی فەرەنسی یان گیومێشی پێ دەوترێت، هێمایەکی گرنگی خاڵبەندییە. لە ڕووی شێوازەوە دوو جۆرن:

**١. جووتەکەوانەی بچووک: « »**
**٢. دووانەکەوانە: " "**

***

**١. جیاوازیی جووتەکەوانەی بچووک « » و دووانەکەوانە " "**
- لە زۆر زمانی ئەوروپیدا، جووتەکەوانەی بچووک « » لە جیاتیی دووانەکەوانە " " بەکار دێت.
- لە کوردیدا هەردووکیان بەکار دێن، بەڵام « » کەمتر باوە. زیاتر بە جۆری داڕشتنی فۆنتەکانەوە گرێ دراوە.

گەشتیارەکە وتی: «کوردستان وڵاتێکی جوانە.»
گەشتیارەکە وتی: "کوردستان وڵاتێکی جوانە."

**٢. بەکارهێنانی سەرەکی:**
**بۆ دەرخستنی وتەی ڕاستەوخۆ:**
ئازاد وتی: «من حەز دەکەم کوردی بخوێنم.»

**٣. بەکارهێنان لە ناونیشانی کتێب و بەرهەمەکان:**
- بۆ نموونە: «مەم و زین»ی خانی بەرهەمێکی کلاسیکی کوردییە.

**٤. بۆ جەختکردنەوە لەسەر وشە یان دەستەواژەیەک:**
- زاراوەی «خاڵبەندی» لە زمانەوانیدا گرنگییەکی تایبەتیی هەیە.
- زانایان «زمان» بە کۆڵەکەی نەتەوە دادەنێن.
- من ”مێژوو“ بە چرای تاریکستانی داهاتوو دەزانم.
- کاتێک بتوانین «ئەلفبێ جۆربەجۆرە کوردییەکان» بکەین بە «یەک ئەلفبێ»، ئەو کاتە گەلێک لە کێشەکانمان چارەسەر دەبن.

**٥. بۆ نیشاندانی مانای وشەیەک:**
- وشەی «ئازادی» مانای سەربەستی و ڕزگاری دەگەیەنێت.

**٦. لە هەندێک دۆخدا بۆ نیشاندانی ناوی بڵاوکراوەکان:**
- ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» هەواڵەکەی بڵاو کردەوە.

**٧. جیاوازی لە شێوازی نووسین:**
- لە هەندێک شـێوازی نووسـیندا، بۆ جیاکردنەوەی جیاواز، « » لە جیاتیی " " بەکار دێت.
لە ڕۆماندا، نووســەر بۆ دیالۆگەکان « » بەکار دەهێنێت، بەڵام بۆ بیرکردنەوەی ناوەکی (" ") بەکار دەهێنێت.

**٨. بەکارهێنان لە دەقی ئەدەبیدا:**

- بۆ نیشـــاندانی دەنگی ناوەکیی کەســـایەتییەکان: ئازاد بیری کردەوە «دەبێت چی بکەم؟»

**٩. لە وەرگێڕاندا:**

- هەندێک جار بۆ نیشاندانی وشە یان دەستەواژەی وەرگێڕدراو بەکار دێت.

وشەی «democracy» لە ئینگلیزیدا بە کوردی دەبێتە "دیموکراسی"

**١٠. لە نووسینی زانستی و ئەکادیمیدا:**

- بۆ دەرخستنی چەمک یان زاراوەی تایبەت.

لەم توێژینەوەیەدا، چەمکی «گۆڕانی کەشوهەوا» بەوردی شی کراوەتەوە.

**١١. وتەیەک کە ڕاســـتەوخۆ دەگێڕدرێتەوە و ناشـــکێنرێت و دەســـتکاری نەکرێت، دەخرێتە ئەو ناوەوە، وەک:**

پیاوە گەنجەکە وتی: "ڕاست دەکەیت، ئێمە یارمەتیت دەدەین، من ڕۆبین هوودم."

قـازی موحـەممـەد، چـاونـەترس ڕووی تێ کردن: "ئێوە ئـەمڕۆ قـازی موحـەممـەدێـک دەکوژن، ســـبەینێ لە هەر دڵۆپە خوێنێکی من، ســـەدان قازی موحەممەدی تر ســـەر هەڵدەدەن."

**ســـەرنج:** ئەگەر ڕســـتەکە بە خاڵ، بۆر، هێمای پرســـیار، هێمای ســـەرســـوڕمان و هتد کۆتاییی هات، ئەوانەش دەخرێنە ناو کەوانەکانەوە.

**١٢. دەقگێڕانەوە لەناو دەقگێڕانەوە**

دەقگێڕانەوەی یەکەم لەناو دووانەکەوانەی "..." دادەنرێت، دەقگێڕانەوەی دووەم لەناو تاکنیشانەی **'...'** دادەنرێت.

نموونە:

لە کتێبەکەدا نووســـرابوو کە **"**ماســـیگرە ســـەرلێشـــێواوەکە هاواری کرد 'ســـەیری ئەو دەیدامە بکەن' پاشان بێدەنگ بوو**"**.

### ٨. جووتەکەوانەی گەورە ( )

جووتەکەوانەی گەورە بە چەند مەبەستێک بەکار دەهێنرێت:

**١. وشـــەیەک، یان ڕســـتەیەک دەخرێتە نێوانی، کە واتایەکی تایبەتیی تری هەبێت، وەک:**

پیرەمێرد (حاجی تۆفیق) لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

شـاری سـلێمانی (کە کەوتووەتە دامێنی چیای ئەزمەڕ) سـلێمان پاشـای بابان بنیادی ناوە.

**٢. وشەی بێگانە، وەک:**

ئاگرەدیوار (firewall) پێش بە خۆترنجێنەران دەگرێت بۆ ناو کۆمپیۆتەرەکەت.

میری (حکومت/حکومة) فرمانی کاولکردنی ناوچەکەی زوو دەرکردبوو.

بۆ نووسین بە کوردی پێویستە تەختەکلیل (keyboard)ێکی کوردی دامەزرێنیت.

**٣. سـاڵی دەسـتپێک و کۆتاییی ڕووداوێک، یان سـاڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی کەسێک، وەک:**

سنووری دەوڵەتی حەسنەوی (٩٤١ ـ ١٠١٤) کە پارە و پوولیشیان هەڵکەندبوو، هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور بوو.

حەمە پاشا (١٧٨٣ ـ ١٨٤٦)، کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە، توانیی لە ساڵی ١٨٢٠دا سەربەخۆییی کوردستان لە ڕەواندز ڕابگەیەنێت.

**تێبینی:** کەوان کە دادەخرێت نابێت بکلێنرێت بە وشـەکەی پاشـیەوە، بەڵام ئەگەر وشەکە هێشتا تەواو نەبووبێت، دەبێت بلکێت بە کەوانەکەوە، وەک:

ئەمساڵ (حج)ێکی کرد.

وشەی (file)یان لە کوردیدا کرد بە "پەڕگە".

**سەرنج:** وشەکانی ناو کەوانەکان نابێت لەگەڵ کەوانەکاندا بۆشاییان هەبێت.

## **٩. هێڵ یان تەقەڵ (-)**

ئەم نیشانەیە لەم شوێنانەدا بەکار دەهێنرێت:

**١. بۆ جیاکردنەوەی دوو کەسی گفتوگۆکەر، بۆ ئەوەی هێندە نەنووسرێت "وتی"، وەک:**

سۆز ڕووی کردە ئاکۆ و وتی:

- ئاکۆ، گوێت لە سەربازەکانە؟

- بەڵێ، دیارە هەر بەدواماندا دەگەڕێن.

- تۆ بڵێی بماندۆزنەوە؟

- خەمت نەبێت، ناتوانن.

- ئەگەر کوژرام، دڵنیا بە لە گۆڕیشا هەر خۆشم دەوێی.

**٢. دەتوانرێت لەبری ئەو کەوانە گەورەیە بەکار بهێنرێت کە لە خاڵی یەکەمی جووتەکەوانەی گەورەدا باسمان کرد، وەک:**

پیرەمێرد - حاجی تۆفیق - لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

دەتوانیت هەرچەندە میوە - جگە لە مۆز - پێت خۆشە، بخۆیت و سەرەڕای ئەوەش کێشت دابەزێت.

بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ڕستە: "کوردستان - نیشتمانی ئێمە - جوانترین شوێنە."

**٣. لەنێوان ژمارە و ژمێراودا، ئەگەر کەوتە سەرەتای ڕستەوە، هەر چەند دەکرێت خاڵیش دابنرێت، وەک:**

هەندێک لە مەرجەکانی بڵاوبوونەوەی بابەت بریتین لە:

١- بابەتەکە دەبێت سوودگەیەنەر بێت.

٢- ڕەچاوکردنی ڕێنووسی کوردی.

٣- ڕەچاوکردنی خاڵبەندی.

٤- سەرچاوەکان دەبێت دیاری بکرێن.

**٤. وەک وتمان دەشکرێت لەدوای ژمارەکاندا خاڵ دابنێین:**

١. بابەتەکە دەبێت سوودگەیەنەر بێت.

٢. ڕەچاوکردنی ڕێنووسی کوردی.
٣. ڕەچاوکردنی خاڵبەندی.
٤. لە کۆتاییی دێڕێکدا ئەگەر هەموو وشــەکە جێی نەبووەوە و ویســتت بەشــێک لە وشەکە هەر لەو دێڕەدا بنووسیت تەقەڵ دادەنێیت، وەک:

............................ڕێبا.

زەکان..........................

هەڵبەت ئەو شــتە ئێســتا باوی نەماوە و کۆمپیوتەر خۆی وشــەکان ڕێک دەخات و دەیباتە خوارەوە یان دەیهێڵێتەوە بەتایبەت بۆ ئەلفبێی عەرەبی و کوردی و فارســی زۆر باشترە، چونکە دەتوانێت پیتەکان درێژ بکاتەوە.

**٥. لەنێوان هەندێک ژمارەدا دەکرێت تەقەڵ دابنێین، بۆ نموونە:**

ئەم دووکانە **لە** کاتژمێر ٩ **تا** دوازدە کراوەیە.

لە جیاتیی "لە ... تا" دەکرێت بە تەقەڵ بەم شێوەیە بنووسین:

کراوە: ١٢-٠٩

داخراو: ١٣-١٢

هەروەها لێرەشدا تەقەڵ دادەنێین:

لە هەفتەیەکدا ٨-٧ کیلۆمەتر هەڵدێت.

### ١٠. سێخاڵ (...)

ئەم سـێخاڵ (...)ە لەبری وشــە، یان ڕســتە، کە قرتێنراوە، بە مەبەسـتی کورتکردنەوە، بەکار دەهێنرێت، وەک:

من سنە، کرماشان، مەهاباد، سلێمانی، کەرکووک و ...م چاو پێ کەوتووە.

لە کوردستاندا نەوت، ئاسن، زێڕ، زیو، گۆگرد و ... دەست دەکەوێت.

بیستووتە ...؟

فریام کەون! فریام کەون! فر...

ئێســتا کە نووســینەکان بوونەتە دیجیتاڵی، خۆکار ئەو وشــانەی کە ســێخاڵیان بۆ دادەنرێت و بەجیا دەکەونە کۆتاییی وشەوە، دەلکێن بە وشەی پێشیانەوە:

- بۆ نیشاندانی بەردەوامی یان ناتەواوی: "من دەمویست بڵێم..."
- بۆ نیشاندانی وەستان یان دوودڵی: "من... نازانم چۆن بیڵێم."

واتە جاران ڕادەسپێردرا کە ئەگەر سێخاڵ کەوتە کۆتاییی وشەوە، دەبێت بەجیا بنووسرێت، ئەوڕۆکە گۆڕانکارییە جیهانییەکان و جیهانی ئایتی سێخاڵی کۆتاییی وشە دەلکێنێت بە وشەوە.

**٢. ژمارەی ئەو خاڵانە تەنیا سێ دانەن و نە زیاتر (...)، هەندێ کەس لە خۆڕا ئەو خاڵانە بە کەیفی خۆیان دادەنێن، ئەوە هەڵەیە و دەبێت تەنیا سێ خاڵ بن. نموونە:**

دروست: من تۆم خۆش دەوێت...
هەڵە: من تۆم خۆش دەوێت..
هەڵە: من تۆم خۆش دەوێت..........

بەڵام ئەگەر ڕستەیەک بنووسیت و بتەوێت خاڵ دابنێیت بۆ ئەوەی ڕێک لەسەر ئەو خاڵانە چەند وشەیەک بنووسرێن، ئەوە قەی ناکات خاڵەکان درێژ بکەیتەوە، چونکە نازانیت چەندە بۆشایی پێویستە تا جێی وشەکان بکاتەوە. نموونە:
خەڵکی گوند ................................ دەچێنن.
لەوانەیە کۆمەڵێک شت هەبن کە پێویست بن لەوێدا بنووسرێن وەک: گەنم، جۆ، گەنمەشامی، سەوزە، ئەگەر خاڵەکان درێژتر نەکەیتەوە شوێنی ئەو وشانە نابێتەوە.

## ١١. بۆشایی (space)

بە مەودای نێوان دوو وشەی سەربەخۆ دەڵێن «بۆشایی space». ئەمە زیاتر لە نووسین بە کۆمپیوتەر و کەرەستەی نووسین زۆر گرنگە. سەیری ئەم نموونەیە بکەن:
(ئاڵای شەکاوە ـ ئاڵایشەکاوە)
لە یەکەمدا بۆشایی هەیە، لە دووەمدا بۆشایی نییە. دیارە ئەوەی یەکەم ڕاستە.
یان کەسانێک هەن کە هەندێک جار لەو شوێنانەی کە پێویست بە «بۆشایی» ناکات، بۆشایی دادەنێن، وەک:
"لە گە ڵ" کە دەبێت وا بنووسرێت: "لەگەڵ".

نووسەر دەبێت بزانێت لە چ شوێنێکدا "بۆشایی" پێویستە، یان پێویست نییە، ئەگینا وشەکان واتای هەڵە دەدەنە دەستەوە و تێگەیشتنیان قورس دەبێت.

هەر وشـــەیەکی لێکدراو لە کاتی گەردانکردندا دەبێت دواوشـــەی بە بۆشـــایی جیا بکرێتەوە:

سەیری چەند نموونەیەک بکەن:

"باسکردن" لە دۆخی کاردا، دەبێت بۆشاییی هەبێت: "باس دەکرێت، باس کرا".

"جێهێشتن" دەبێت بۆشاییی هەبێت: "جێی هێشت".

"خۆشویستن" دەبێت بۆشاییی هەبێت: "خۆشم دەوێ".

"هەناسەکێشان" دەبێت بۆشاییی هەبێت: "هەناسە دەکێشم".

**سەرنج:**

زۆر گرنگە بۆ نووســینی وشــەی کوردی کەڵک لە تەختەکلیلی کوردی وەربگرن، ئەگینا هەندێک پیتی تایبەتیی کوردیتان بۆ نانووسرێت.

**تێبینی:**

**١. (و)ی پێوەندی، وشــەیەکی ســەربەخۆیە و دەبێت هەموو کاتێک لەگەڵ وشــەکانی پێش و پاشیەوە بۆشاییی هەبێت:**

هەڵە: کچو کوڕ

دروست: کچ و کوڕ

**٢. وشەی لێکدراو دەبێت هەمیشە پێکەوە بنووسرێت:**

کرێ + کار = کرێکار، نەک: کرێ کار

**٣. وشەی داڕێژراو دەبێت هەمیشە پێکەوە بنووسرێت:**

پێک + هێنان = پێکهێنان، نەک: پێک هێنان

***

لەم خشـــتەیەدا ڕێنووســـی هەندێک وشـــەی جۆربەجۆر دەبینن کە دەبێت چۆن بنووسرێن:

| هەڵە | دروست |
|---|---|
| کرێکارو وەرزێر | کرێکار و وەرزێر |
| گڕو تین | گڕ و تین |
| خۆڵ کێش | خۆڵکێش |
| وێنە کێش | وێنەکێش |
| سکاڵا نووس | سکاڵانووس |
| لە گەڵ | لەگەڵ |
| باوک مردوو | باوکمردوو |
| جێ ژوان | جێژوان |
| لێ کەوتن | لێکەوتن |
| پێ دان | پێدان |

لەم هۆنراوەیەی مامۆســـتا هێمندا، دەبینن کە دانانی بۆشـــایی لە (کەماڵ)دا چەندە ماناکە دەگۆڕێت:

هەڵە

کەماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟

کەماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من

"کە" (واتە ئەگەر/هەر کە)، سەربەخۆیە. بەڵام "کە" بەشێکە لە وشەکە:

دروست:

کە ماڵت بێ، کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟

کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من

### ١٢. هێڵی لار (/) و پیتی (ر)

**١. بۆ نووسینی ڕێکەوت کە بە ژمارە دەنووسرێت، کەڵک لە هێڵی لاری (/) وەردەگرین، وەک:**

شاری کەرکووک لە **٢٠٠٣/٠٤/١٠** ڕزگار کرا.

**٢. بۆ نووســینی «دابەشــکردن» لەناو دەقێکدا کە پیتی تێدا بەکار هێنراوە، کەڵک لە هێڵی لاری (/) وەردەگرین، وەک:** خێرایی تیشک (٣٠٠ هەزار کم/چرکە)دایە.

**٣. جاران لەناو ژمارەدا لە باتیی دابڕ (ممیز) کەڵک لە پیتی (ر) وەردەگیرا، وەک:**

٠ر٢٣

١٢ر٤٨

بەڵام ئەوڕۆکە تەنیا کەڵک لە هێمای دابڕی بۆر (کۆما) کەڵک وەردەگیرێت:

٠,٢٣

١٢,٤٨

- بۆ نیشاندانی بژاردە: "بەڵێ/نەخێر"
- بۆ نیشاندانی ڕێژە: "٥٠ کم/کاتژمێر"

### ١٣. کەوانە []

- بۆ زیادکردنی ڕوونکردنەوە لە ناو وتەیەکدا: "ئەو [مامۆستاکە] وتی کە دەبێت زیاتر بخوێنین."

### ١٤. هێمای ژمارە (#)

- بۆ نیشاندانی ژمارە: "#١ لە لیستەکەدا"
- لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هاشتاگ: "#کوردستان"

### ١٥. ئەستێرە (*)

- بۆ نیشاندانی تێبینی: "ئەم وشەیە* لە فەرهەنگدا نییە."

### ١٦. خشتەک، هێمای یەکسانی (=)

- بۆ نیشاندانی یەکسانی: "٢+٢=٤"

### ١٧. هێمای و (&)

- بۆ نیشاندانی "و" لەناوی کۆمپانیاکان: "سمیت & کوڕان"

### ١٨. هێڵی ژێرەوە (_)

- بۆ جێگرتنەوەی بۆشایی لەناوی فایل یان ئیمەیڵدا: "ناوی_فایل.pdf"

### ١٩. کەوانەی لاکێشەیی {}

- لە بەرنامەسازیدا بۆ نیشاندانی بلۆکی کۆد
- لە بیرکاریدا بۆ نیشاندانی کۆمەڵ

ئەم هێما و نیشـــانانە لە کۆنتێکســـتی جیاوازدا بەکار دێن و دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی نووسین.

***

### دەرەنجام

ڕەچاوکردنی خاڵبەندی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووســـەر مەبەســـتەکەی بەباشـــی بگەیەنێتە خوێنەر و خوێنەریش بەهەڵە لە مەبەستەکە تێ نەگات.

تێبینی: جگە لە خاڵبەندی گرنگە نووسەر ڕێنووسێکی یەکگرتووش بەکار بهێنێت.

## تەواو

خاڵبەندی، نوێکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٣٠

نووسین: دیاکۆ هاشمی

دیزاینی بەرگ: ئەمین شکوور

پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ئیدریس هاشمی

ژێدەر:


1. زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ١٩٨٢.
2. Vuxen svenska, etapp 2 & 3, 1988
3. http://www.fritext.se/svmall.html
4. svenska skrivrelger, 2005
5. Artificial intelligence (AI)

## ڕوونکردنەوە:

ئەم بەرهەمە لە سەرەتادا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٠٩/٠٦ لەسەر سایتی زانستپەرەوەرانی کورد (zkurd.org) بڵاو کرایەوە.
پاشان لە بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردی لە ڕێگەی سەتەلایتەوە، لە بەرنامەی ئاسۆسات، هەفتەی یەک جار، خاڵ بە خاڵ بەرنامەی لەسەر ئامادە کراوە و چووەتەوە هەموو ماڵێکەوە. زۆر کەس سەرنجی بۆی ڕاکێشا و ئەم ڕێنووسە بووە بە بنەمای نووسینەکانیان.
دواتر لەسەر سایتی یاگەی زمانی کوردی https://diyako.yageyziman.com/ هەم بە شێوەی سەرهێڵ و هەمیش بە شێوەی پی.دی.ئێف بەردەوام نوێ کراوەتەوە و بەخۆڕایی خراوەتە بەردەستی هەمووان. دوایی وەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
گەلێک سایت و کەسایەتیی خاوەنڕا، ئەم ڕینووسە ڕەچاو دەکەن و زۆر پەسنی باشی ئەم ڕێنووسەیان کردووە.
گرووپە ئایتییە کوردییەکان، بەکارهێنانی ئەم ڕێنووسەیان ڕاسپاردووە. دواتریش ئەکادیمیای کوردی لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکەکەی خۆیان لەچاپیان دا.

ڕەوتی گەشەسەندنی ئەم بەرهەمە لە خوارەوە دەبینن:

1. سەرهێڵ: لەسەر سایتی زانستپەروەرانی
2. سەرهێڵ: یاگەی زمانی کوردی ٢٠٠٣/٠٩/٠٦
3. چاپ: وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید، باشوور و ڕۆژهەڵات، ٢٠٢١
4. چاپ: ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٤
5. سەرهێڵ: دوا نوێکردنەوە، سەرهێڵ: ٢٠٢٤/٠٨/٣٠
https://diyako.yageyziman.com/





**چاپی یەکەم:** ٢٠٢١/٠٩/٢٥، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید، باشوور، ڕۆژهەڵات

***




**چاپی دووەم:** ٢٠٢٤/٠٢/٢١، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر

***




**وەشانی ٤:** ٢٠٢٤/٠٨/٢٥، سەرهێڵ

# سوپاسنامە

بۆ هاتنەدیی ئەم بەرهەمە لە درێژاییی ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ، کەسانێکی زۆر ڕاوێژیان پێ کراوە. زۆر پێشنیاری بەسوودیان داوە. کەسانێکی زۆر هەوڵیان داوە ئەم بەرهەمە زیاتر و بەربڵاوتر بگاتە دەستی ئاپۆرەیەکی زۆرتر. بە هیچ شێوەیەک ناتوانم ناوی هەموویان لێرە بهێنم. بە نوێنەرایەتیی هەموو ئەو ئازیزانە، لەم ڕێگەیەوە سوپاسی هەمووان دەکەم:

زۆر سوپاس بۆ پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی بۆ پێداچوونەوەی وردیان، بۆ مامۆستایان عەبدوڵڵا عەبدولقادر و ئیدریس هاشمی بۆ پێداچوونەوەی دەقەکان. ئاراس نوری ئەحمەد و زریان سەرچناری بۆ تێبینییەکانیان و بۆ هەوڵی بەردەوامیان بۆ بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم بەرهەمە.

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین کە بەردەوام لە هەموو سات و کاتێکدا بە دلۆڤانی و تاقەت و دڵسۆزی، لە وەخت و ناوەختدا، وەڵامی ڕاوێژەکانمی داوەتەوە و پڕ بە دنیایەک سوودم لە خۆی و بەرهەمەکانی بینیوە. سوپاس بۆ مامۆستا فەهمیی کاکەیی، مامۆستا ناسر حسامی و زیاد ئەسعەد بۆ ڕاوێژی بواری زمان. ئاراس نوری و ئاسۆ مەحموودی بۆ ڕاوێژی بواری ئایتی. ئەمین شکوور، بۆ دیزاینی ڕووبەرگ و بەرگی پشتی کتێبەکە و دیزاینی زیاتری هەر بابەتێکی زمانەوانی کە بەجیا بڵاو دەبنەوە.

سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی باشوور و بەتایبەت ڕۆژهەڵات کە بەردەوام هەم لە کوردستان و هەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وانەی کوردی دەڵێنەوە و ئەم ڕێنووسەیان کردووەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ وانەوتنەوە.

سوپاسی ئەو سایت و ڕۆژنامە و چاپەمەنییانە دەکەم کە ئەم ڕێنووسەیان کردووەتە سەرچاوە بۆ نووسینەکانیان. سوپاسی "زانستپەروەرانی کورد" دەکەم کە ئەم ڕێنووسەیان کردووەتە سەرچاوە و ڕایان سپاردووە کە بکرێتە بنەمای هەر نووسینێک. سوپاس بۆ ئەو ئایتیزانانەی کە ئەم ڕێنووسە دەخەنە ناو سیستەمە دیجیتاڵییەکان و لەو ڕێگەیەوە ئەم ڕێنووسە جێگیرتر بووە و دەبێت. سوپاسی هەموو ئەو تاکەکەسانە دەکەم کە بەردەوام تێبینی و پێشنیاری جوانیان هەبووە و هەمیشە لە نووسینەکانیاندا ئەم ڕێنووسەیان کردووەتە بنەما.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە تێبینی و وردبینی و ڕەخنە، هەڵەی تایپی و هەڵەی تریان خستووەتە بەرچاوم و بەوانە بەرهەمەکە خاوێنتر و دەوڵەمەندتر بووە.

هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە ساڵانێکە بە پشتیوانی و هاندان و ورەپێدان، بە لایک و بە دەستخۆشیکردن بەردەوام پشتگەرمییان پێ بەخشیوم کە ئەم هەموو ساڵە لەم ڕێگەیەدا بەردەوام بم.

***

ڕەخنەگر، وەرگێڕ، شاعیر و نووسەری گەورەی کورد، کاک "حەمەسەعید حەسەن" (کە ئێستا سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە)، ڕای خۆی لەسەر کتێبی "پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی" بەم جۆرە بڵاو کردووەتەوە:

**"پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی کە (دیاکۆ هاشمی)ی سوێدنشین نووسیویەتی و تازەکی لە باشووری کوردستان بڵاو بووەتەوە، کارێکە هەقە هەموو ئەوانەی نووسین بە زمانی کوردی جێی بایەخیانە، بیخوێننەوە. ددانی پێدا دەنێم، منێک کە دەیان ساڵە بە کوردی دەنووسم، دەیان کتێبم بڵاو کردووەتەوە و لە زۆرینەی خوێنەران وایە بە زمانێکی پوخت دەنووسم، سوودێکی زۆرم لێ بینی، بۆیە ماندووبوونی نووسەرەکەی بەرز دەنرخێنم."**

**حەمەسەعید حەسەن**

# Kurdish Orthography And Punctuation: A Short Introduction

له جیهانێکدا که نووسینی دروست
دەبێتە بنەمای سەدان کاری زانستی
و دیجیتاڵی، گرنگە هەمووومان بە
یەک شێوە و بەبێ هەڵە بنووسین.
ئەم کتێبە هەوڵ دەدات نوێترین
بڕیارەکانی ڕێنووسی کوردی و
گرنگترین ڕێسا جیهانییەکانی
خاڵبەندی بەوردی و بە نموونە بخاتە
بەردەستی نووسەران، قوتابییان،
خوێندکاران، مامۆستایان، دەزگاکانی
ڕاگەیاندن، چاپەمەنییەکان و
تەنانەت سەرچاوەیەکیشە بۆ
نووسینی کتێبەکانی قوتابخانە.

**دیاکۆ هاشمی**، مامۆستای
ڕێنوێنی زمان، سوید